# سەرهەڵدان و گەشەکردنی
# چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی
# لە فیکری نوێی خۆرئاوادا

سەعید بن سەعید ئەلعەلەوی

لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵلا

## دەستپێك

چەمكی "كۆمەڵگەی شارستانی" (مدنی)، هێماكردنە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە بێشومارو بڕیاردەرانەی لە فیكری سیاسیدا، بەتایبەتی لە سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەمدا، هاتنەئاراوەو دەربڕی ئەو ویستەیە، كە فیكری نوێی خۆرئاوا بەگشتی نیشانیدابوو بۆ كۆتاییهێنان بە "ڕۆژگارەكانی سەدەكانی ناوەڕاست" و ڕزگاربوون لە دەستیان، بەڵكو ڕاگەیاندنی دابڕانیش لەگەڵ سەرتاپای "سیستەمی كۆن" و ددانانان بە سیستەمێكی "نوێ"دا، كە لەسەر بنچینەی جیاوازییو جیایی دامەزرابێت. ئاشكرایە "سیستەمی كۆن"، بەلای نووسەرە فەرەنسییەكانەوە، پێناسێكی هەمەلایەن بوو بۆ ئەو سیستەمە سیاسییەی فەرەنسا بۆ چەندین سەدە بەخۆوەی دیبوو، هەتا بە شۆڕشی فەرەنسا كۆتاییهات. لە واقیعدا، ڕۆژگارێكی دوورودرێژ لەوەوبەر، ململانێیەكی توندوتیژ لەنێوان لایەنگرانی "نوێ" و بەرگریكارانی "كۆن" یاخود سیستەمی سیاسیی كۆن، لە بواری كۆمەڵگە، مەعریفیەكان، بڕوا ئاینییەكانو بیروڕا ئایدیۆلۆژییەكاندا، لە گۆڕێبوو. بێگومان پێویست بەوە ناكات بگەڕێینەوە بۆ ئەم مەسەلە ناسراوە، یان ژماردنی خاڵەكانی جیاوازیی نێوان وێناكردنی (كۆنو نوێ)، یاخود خستنەڕووی تەواوەتیو هەمەلایەنی گشت ڕواڵەتە نوێكان لە سیستەمی هەمەلایەندا (لە ڕووی سیاسی، كۆمەڵایەتی، مەعریفیو ئایدیۆلۆژییەوە)، بەڵكو دەمانەوێ هێما بۆ ئەوە بكەین، كە لەدایكبوونی فیكری سیاسیی خۆرئاوا، دەربڕێكی دیكەی جیاوازیی نێوان دوو وێناكردنی ناكۆكە، بەو پێیەی ویستی دانپیانانی "نوێ"و چەسپاندنی بنچینەو كۆڵەكەكانێتی. بەو جۆرە، ئەوەی فەیلەسووفەكانی فیكری سیاسیی نوێ (جۆن لوك، هۆبز، سپینۆزاو ڕۆسۆ) هێنایانەئاراوە، هاوڕێیكردنو تەواوكەری ئەو كۆششانە بوو، كە زانا و فەیلەسووفەكانی دیكە لە بواری ئەستێرەناسی، سروشت، ماتماتیكو تیۆری

مەعریفەدا کردبوویان. لەم گۆشەنیگایەوە، مافی خۆمانە ئەوە دەربڕین، کە ئەو گەشەکردنەی چەمکی "کومەڵگەی شارستانی" لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا بەخۆوەی دیوە، هەندێ جار بە ئاقارێکدا بوە، کە جیاوازو ناتەبابوە لەگەڵ ئەوەی لای نووسەرە ڕابەرەکانی سەرەتا، لە دوو سەدەی پێشتردا، سەریهەڵدابوو، ئەوەش گەلاڵەکردنێکی ڕووتخوازانەی ئەو گۆڕان و گەشەکردنە بوو، کە "دەوڵەت" و "کۆمەڵگە" بەخۆیانەوە دیبوو، جا لە ڕووی پێکهاتی ناوەکیی (یان خۆیی) هەریەکێکیانەوە بێ، یاخود لە ڕووی ئەو پەیوەندییەی نێوانیانەوە بێت، بەو جۆرەش "دەوڵەت" ویستی دەسەلاتخوازیو لەناوخۆگرتنی خستەوەو لە "کۆمەڵگە"شدا ڕەوتی ڕوەو سەربەخۆیی، خۆجیاکردنەوەی زیاتر لە دەوڵەت و بانگەشەکردن بۆ کەمکردنەوەی قورسایی ئامادەبوونی دروستبوو.

ئەرکی ئاخاوتن سەبارەت بە "سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی لە فیکری نوێی خۆرئاوادا" دووچاری تەنگەتاویمان دەکات، سەرچاوەی ئەوەش گرنگی سازانی دوو مەسەلە و بایەخدانی شیاوە بە هەریەکێکیان، بەوپێیەی دوو مەسەلەی جیاوازن: لەلایەکەوە پێویستە ئەو چەمکەو بەکارهێنانی لە نووسینی کۆمەڵێك فەیلەسووف و بیریاردا، بەدرێژایی چوار سەدە، بخەینەڕوو، ئەمەش مانای هەڵسانە بە شیکردنەوەی ئەکادیمیانەی کۆمەڵێکی بێشوماری دەقە مەزنەکانی سپینۆزا، هۆبز، جۆن لوك، جان جاك رۆسۆ، کانت، هیگڵ، مارکس، ئەنگلز، لێنین و گرامشی، هەروەها ئەوەی بیریارانی وەك ئۆگۆست کۆنت، سان سیمۆن، تۆکفیل، ماکس ڤیبەرو ئابووریزانەکانی وەك ئادام سمث، کینز و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبارەی مەسەلەکەوە نووسیویانە، ئەمە وێڕای ئەو لێکدانەوەو خستنەسەرە وردکارانەی هەندێك لە زانایانی کۆمەڵناسی و سیاسەتزانی لەو ماوەیەی دواییدا هێناویانەتەئاراوە. دەشێ بڵێین: پێویستە لە سەرمان هەڵسین بە جۆرێك لە هەڵبژاردنی دەسەلاتخوازانەی زۆرەملیانە، کە هەڵوەستە لەئاست هەندێ لایەنی گرنگدا دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە سەریان، هەندێ لایەنی دیکەش

پشتگوێدەخات، کە گرنگی و مەترسیان کەمتر نین و لە شیکردنەوەکاندا خۆی لێیان بەدووردەگرێ و فرێیاندەداتە نێو تاریکستانەوە. لەلایەکی دیکەوە ناچارین چەمکەکە (چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی)، وەك وێناکردنێکی ڕووتی گەشەکردنی کۆمەڵگەی نوێی خۆرئاوا بخەینەڕوو، کە لەدایکبوونی کۆمەڵگەی پیشەسازی دەربڕێتی، هەروەها وێناکردنی ئەو کێشە ناوەکی (خۆیی)یانەی هاوشانی لەدایکبوونی ئەو کۆمەڵگە پیشەسازییە بوە، لەگەڵ ئەو ململانێ و ئاژاوەو شۆڕشانەی هاوڕێیبوون و دەربڕی گشتیيان، گەشەکردنی تیۆری لیبرالیزمە لەلایەك و لەدایکبوون و گەشەکردنی تیۆری مارکسیزمە لەلایەکی ترەوە. بەوجۆرە، ویتسراو نووسینی مێژوویەکە بۆ کاری نوێکردنەوە لە فیکر و پراکتیکدا، مێژوویەکی بێوێنە چڕ، وردبینانەو ڕووت، بەجۆرێك کە ناسینی هەمەلایەنی مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە دنیای نوێ و هاوچەرخی خۆرئاوادا مەیسەردەکات. کەواتە ڕێگەی سازانی کاری یەکەم: کاری پێناسەکردن و خستنەڕووی شیکارانەی مێژوو، کە دەستپێك و سەرەتایەکی پێویستن بۆ کاری دوەم، لەگەڵ کاری هەڵوەستەکردن لەئاست داخوازیی "ئیشکالیەتی دەوڵەت و کۆمەڵگە"، بەو شێوەیەی کاری دووەم پێویستێتی، چۆن مەیسەردەبێت؟

ئەگەر بڕوانینە ئەو نووسینەی ناوەندەکە* ئامادەیکردوە، ئەوا بانگەوازێکی ڕووپۆشراو بۆ جۆرێك لە جووتبوون و سازانی پێداویستییەکانی کاری یەکەم و دوسەم و مەرجەکانی هەریەکێکیان بەدیدەکەین. چونکە نووسینەکە لەلایەکەوە دەیەوێ "خاڵی سەرەتا لێرەدا سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەرمایەداریی نوێ بێت، کە جیاکارەکردنی نێوان دامودەزگای دەوڵەت: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری و کۆمەڵگەی شارستانی ڕوویداو تیۆرەکان زیاتر لە دەوری پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی دەخولانەوە"، بەڵام نووسراوەکە لەلایەکی دیکەوە دەخوازێ لێکۆڵینەوەکە هاوشانی "بایەخدان بێت بە گرنگیی ڕای گشتی، ڕۆژنامەنووسی و گفتوگۆی گشتی لە چوارچێوەی پرۆسەی

ڕێنوێنیکردنی بڕیارسازیدا". لێرەشدا، لەلایەنی سێیەمەوە، داوای ئەوە دەکرێت هەموو ئەوانە هاوشانی "هێماکردن بێ بۆ جیاکارەیی تیۆری لیبرالیزم و مارکسیزم لەم بوارەدا".

لەپێناوی سازاندنی تێکڕای ئەو پێداویستیانەدا، بەچاکمان زانی کاری خستنەڕووی شیکارانەی تیۆرەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و کاری ئەو پێکهاتەیە پێکەوە تێکەڵبکەین، کە ئامانجێتی ماناکان و دیمەنەکانی ناکۆکی نێوان "کۆمەڵگەی شارستانی" و دیمەنەکانی "دەوڵەت" بە مانا نوێکەی، لە ڕووی ئەو گۆڕان و گەشەکردنەی لەو مانایەدا ڕوویانداوە، دەربخات. ئەگەرچی کۆششی ئاوێتەکردن زیاتر وەڵامدەرەوەی سروشت و ئامانجەکانی دیدارەکەیەو پێی ڕازین، بەڵام کاری خستنەڕوو و شیکردنەوەی مێژووییش گرنگە بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی سەرهەڵدانی "کۆمەڵگەی شارستانی" وەك چەمکێك، کە هێما بۆ گۆڕانکارییەکی مێژوویی دەکات و نیشانەیەکە پەنجە بۆ گواستنەوەیەکی ژیواری بێوێنە ڕادەکێشێت، کە مەرج و ڕواڵەتی نوێکارییە لە فیکری نوێی خۆرئاواو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەنجامی ئەوەش، بۆمان دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەك تیۆری نوێی دەوڵەت و دیموکراسی (کارپێکردنی وەك نیشانەیەکی ئەو دەوڵەتە) پێکهاتە گشتییەکانیان لە ڕەگەزەکانی فیکری لیبرالی نوێدا دەبیننەوە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەش ڕوومانکردۆتە ڕێگەیەك، تیایدا ئەو قۆناغ یان وێستگە یاخود چرکەساتە مەزنانە دەخاتەڕوو، کە یارمەتیماندەدەن ئەو بیرۆکە گشتییە ڕوونکەینەوە، کە کۆشش بۆ دەرخستنی دەکەین (گەشەکردنی کۆمەڵگەی شارستانی بە پەیوەندی لەگەڵ گەشەکردنی مانای دەوڵەت لە فیکری سیاسیی نوێی خۆرئاوادا). بەوجۆرە گەیشتینە پێویستی هەڵوەستەکردن لەئاست وێستگەی یەکەمدا، کە گەرەکمانە تیایدا ڕوەکانی شڵەژانی "سیستەمی کۆن" ئاشکرابکەین و سەرنج بۆ ڕواڵەتە نوێکانی وێناکردنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لە ڕۆژگارە نوێکاندا ڕابکێشین. ئینجا هەڵوەستە لەئاست چرکەساتی داڕشتنی کلاسیکیانەی تیۆری کۆمەڵگەی شارستانیدا بکەین و ئەو

تیۆرەو چۆنێتی گۆڕانی بۆ خاڵی هاوبەشی هەموو تیۆرەکانی دوایی بخەینەڕوو (جا شێوازەکانی دەربڕینیان چەند جیاوازیش بن). هەروەها بەلامانەوە گرنگە لە سێیەمین هەڵوەستەدا مانای کۆمەڵگەی شارستانی و فرمانەکانی لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، لە ڕوانگەی هەریەکێك لە تیۆری لیبرالیزم و مارکسیزمی کلاسیکییەوە، ڕوونبکەینەوە، ئینجا لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی شارستانی، بە ناکۆکیی لەگەڵ دەوڵەت یاخود کۆمەڵگەی سیاسی، لەسەردەمی فەیلەسووفی ئیتالییەوە (ئەنتۆنیۆ گرامشی) واتە و نیشانەی نوێ بەخۆوە دەگرێ، ئەوا پێویستی هەڵوەستەکردنمان لەئاست ئەم وێستگەیەشدا نرخاند و بە چرکەساتێکی گرنگ و بڕیاردەری ژیان و گەشەکردنی چەمکی "کۆمەڵگەی شارستانی"مان داناو بایەخمان بەو واتایە دا، کە دەیبەخشێتە بوونی هاوچەرخ.

## یەکەم
## کۆتاییهاتنی "سیستەمی کۆن" و
## لەدایکبوونی "کۆمەڵگەی شارستانی"

"سیستەمی کۆن" لەسەر بناغەی سیستەمێکی کۆمەلایەتی پلەدار دامەزراوە، بەهۆیەوە یاسا بۆ خاوەندارێتی زەوی و موڵکە عەینییەکان دادەنرێ، یاسایەك کە خاوەندارەکان و پاشکۆکانیان جیاکارەدەکات و وێناکردنێکی ئایدیۆلۆژیانەی بۆ دادەڕێژێ، کە لەلایەکەوە دەسەلات و پیرۆزی پێکەوە دەبەستێ، لەلایەکی دیکەوە پێویستی دەسەلاتی ڕەها دەسەلمێنێ، جا دەسەلاتەکە بەپێی سەرچاوەی ئایینی وەریبگرین، یاخود لە ڕوانگەی سەرچاوەیەکی سیاسییەوە تێیبڕوانین. ئەوانەش کە ئەم وێناکردنە ئایدیۆلۆژییەیان داڕشت، پیاوەکانی کڵێسا، یاسادانەرانی یاسای پیرۆز یان تیۆری "مافی خواوەند"ی پاشاکان بوون.

ئەوەبوو پاپا گریگۆری حەوتەم یاسای بۆ بڕوای "حکومەتی ئایینی" دانا، کە لە بەشی ڕوون و وردکارانەدا یاسا بۆ دەسەلاتی کڵێساو پاپا دادەنێ. بەو جۆرە

لە بەشی نۆیەمی ئەو بڕوایە یاخود دەستووره پیرۆزەدا دەخوێنینەوە: "پاپا تاکە مرۆڤێکە، کە میرەکان دەبێ پێکانی ماچبکەن". لە بەشی دوانزەیەمیشدا دەخوێنینەوە: "ڕێگەی پێدەدرێ پادشاکان لەسەر تەختی پاشایەتیان لابەرێت". هەروەها لە بەشی هەژدەهەمدا دەخوێنینەوە: "قسەکانی پاپا لە توانای مرۆڤدا نییە ڕەتیانبکاتەوە، بەڵام ئەو دەتوانێ باری سەرنجی خۆی سەبارەت بەو یاسایانە دەربڕێت، کە لەلایەن مرۆڤەکانی دیکەوە دەرچوون". لە کۆتاییشدا، لە بەشی نۆزدەهەمدا دەخوێنینەوە: "نابێ پاپا بخرێتە ژێر لێپرسینەوەی هیچ کەسێکەوە"(٢).

هەروەها دارشتنێکی دیکەی تیۆری مافی پیرۆزی پادشاکان یان تیۆری "مافی خواوەند" لای مێژوونووسی فەڕەنسی بەناوبانگ بوسویە (*Bossuet*) دەبینینەوە، کە یەکێکە لە دارشتنە جۆراوجۆرە بەناوبانگەکانو ئەم تیۆرە (یان ئەم مافە پیرۆزەی پادشاکان هەیانە) پشت بە چوار کۆڵەکەی سەرەکی دەبەستێت:

-یەکەم "ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی *پیرۆزە*، چونکە پادشاکان جێگری خودان لەسەر زەویو لە ڕێگەی ئەوانەوە کاروبارەکانی مەملەکەتەکەی بەڕێوەدەبات (..) بۆیە تەختی پاشایەتی تەنیا تەختێکی شایانە نییە، بەڵکو ئەو تەختە تەختی خودی خودایە".

-دوەم کۆڵەکە ئەوەیە، کە دەسەڵاتی پاشایەتی دەسەڵاتێکی *باوکسالارە* "چونکە پادشاکان جێی خودا دەگرنەوە، کە باوکی ڕاستەقینەی توخمی مرۆڤە، (..) جا لەبەر ئەوەی یەکەمین بیرۆکە سەبارەت بە هێز لای مرۆڤ ئەو بیرۆکەیەیە، کە دەربارەی هێزی باوکسالاری هەیەتی (..) ئەوا پادشاکان لەسەر شێوەی باوکەکانن".

-سێیەم کۆڵەکە، کە بەری لۆژیکیو سروشتی دوو کۆڵەکەکەی پێشوە، ئەوەیە کە دەسەڵاتی پاشایەتی جگە لە دەسەڵاتێکی *ڕەها* شتێکی دیکە نییە و هیچ شتێك دەستوپێی نابەستێو سنوور بۆ ڕەهایبوونی دانانێ، "چونکە بەبێ ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە دەستەوەستاودەبێت لەئاست کاری چاكو سزادانی

خراپـەکاریدا. پێویسـتە دەسـەڵاتەکەی ئـەوەندە بـەهێزبێت، کـە کـەس هیـوای قوتاربوون لە جڵەوگیریی ئەوی نەبێت".

–چوارەم و دوا کۆڵەکـە ئەوەیـە، کـە ئـەم دەسـەڵاتە دەبـێ شـایانی نـاڕەزایی دەربڕین بێت لەلایەن ئەوانەوە کە ملکەچین، بەڵام نابێ لەلایـەن حوکمکراوەکانـەوە شایانی پڵماندن بێت. گریمان ئازاردانی پاشاکان گەیشتە ئاستێکی لەڕادەبەدەرو کارەکانیان بەوشێوەیە بوو، کە دەستوپێوەندەکان دووچاری چەوساندنەوەیەکی لەڕادەبـەدەر بـوون، ئـەوا بـۆ دەسـتوپێوەندەکان نییـە "نـاڕەزایی بەرامبـەر بـە توندوتیژیـی پادشـاکان دەربـڕن، لـەو کاتـەدا نـەبێ کـە نـاڕەزایی دەربڕینەکـە بەشـێوەی شـکاتکردنێکی پـڕ لـە ڕێـزو مـەزنکردن بێـت، بـێ ئاژاوەنانـەوەو پشێویخسـتنەوەو لـە ڕێگـەی پاڕانـەوەی سوودبەخشـەوە بـۆ ڕێنمـاییکردن و نیشاندانی ڕێی ڕاست"[٢].

بـەو جـۆرە دوو تیۆرەکـە پێکدەگـەن، کـاتێك بـاوەڕدێنن بـە پـیرۆزیی و ڕەهـاییبوونی دەسـەڵاتدارو دداندەنێـن بـە ڕەواتیـی دولایەنـەی بوونـی یـەکتردا، هەروەها پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ ڕاماڵینی هەمەلایەنەی ڕووبەری بوونی کۆمەلایەتی مرۆیی. لە ڕاستیدا دوو تیۆرەکە (کە لە ناخدا تاکە تیۆرێکی خاوەن دوو ڕواڵەتە) بـە شـێوەیەکی سروشـتی کۆکبـوون لەگـەڵ سیسـتەمی بوونـی کۆمەڵایـەتیدا و تەبابوون لەگەڵ ئەو سیستەمە مەعریفیەی بە درێژایی چەندین سەدەی پێکەوە بەستراو لە خۆرئاوای ئەوروپا لە گۆڕێبوە. مێژووزانی فەڕەنسی (ئەلبێرت سۆبۆل *Albert Soboul*)، کە بە کتێبەکەی "مێژووی شۆڕشی فەڕەنسا" بەناوبانگە، باسی ئـەوە دەکـات، کـە بنـەمای کۆمەڵگـەی فەڕەنسـا لـە سـایەی "سیسـتەمی کـۆن" بنەمایەکی سادە بوو و لەسـەر سـێ پایـە ڕاوەسـتابوو: "ئەوانـەی دەپەرسـتران، ئەوانـەی دەجـەنگین و ئەوانـەی کاریـان بـۆ تـێرکردنی ئـەوانی دیکـە دەکـرد"[٣]، ئەمەش هێماکردنە بۆ پیاوانی ئایینی (بەتایبـەتی گـەورەکانیان) لەلایـەك، چینـی خانەدارەکان لەلایەنی دوەمەوەو گشت یاخود میللەت لەلایەنی سێیەمەوە. ئەگەر نـەڵێین خـاوەنداریێتی زەوی لـەو سـەردەمەدا تاکـە ئـامرازی بەرهەمـهێنان بـوە لـە

فەڕەنسا، ئەوا دەتوانین بڵێین ئامرازی بنچینەیی بووەو بەشێوەیەکی گشتی دابەشکراو بوو لە نێوان پادشاکان و خانەدارەکان و پیاوانی ئاییندا، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو مرۆڤانەی لەسەر زەویەکە دەژیان ئەوەندە کەم بوو، کە شایانی باسکردن نییە، بەڵکو ئەوانە بەگشتی کۆیلە بوون، یان لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی کۆیلایەتیدا دەژیان.

کەچی ئەو پێکهاتەیە، لە سەدەی هەژدەهەمدا، ڕاژەنینێکی بەهێز بەخۆوە دەبینێ، ئینجا ڕاژەنینەکە دەگۆڕێت بۆ هەژاندنێکی بەهێز، کە بنەمای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، سەرەتا شڵەژان و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی لێ دەکەوێتەوە، ئینجا گۆڕانکارییەکی توندوتیژو دواییش بە شۆڕشی فەڕەنسا کۆتاییدێت. چونکە چینی خانەدارەکان وەك چینێکی بەهێزو یەکگرتوو نەمابۆوە، کە لە توانایدا بێت سیستەمی دامەزراو بپارێزێو لە لەناوچوون بەدووریبگرێت. هەوەها چینی پیاوانی ئایین توانای پاراستنی شیرازەکاری و یەکگرتوویی خۆی لە هێزێکی یەکگرتوودا نەمابوو، ئەمەش ئەنجامی ئەو جیاوازییە گەورەیەی، لە ڕووی سامان و پایەوە، لە نێویاندا هاتبوە ئاراوە: توێژێکی بچووك دەوڵەمەند بوو، بنکەیەکی فراوانیش لە پەراوێزی هەژاریدا دەژیا. بە پێچەوانەشەوە، بایەخی بۆرژوازیەت بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر پێدەگەیشت و گەشەیدەکرد: سەرەتا لە دەرەوەی فەڕەنسا ڕوویدا "لە ئینگلستان و هۆڵەندە، کە بۆرژوازیەت لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە گەشەکردنێکی بەرفراوانی بەخۆوە دیبوو)، ئینجا لە سەدەی هەژدەهەمدا لە فەڕەنسا ڕوویدا.

لەم وڵاتەی دواییدا، بۆرژوازیەت سەرچاوەی یەکەم و بنچینەیی کۆمەکیکاری پاشایەتی بوو، سەبارەت بە هەموو ئەو چوارچێوانەی پێویست بوون بۆ ئاڕاستەکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکەی، هەروەها، ئەلبێرت سۆبۆ وتەنی، سەرچاوەیەکی هاوشێوەش بوو بۆ "سەرمایەی دارایی پێویست و چینی

خانەدارەکان جگە لە ڕۆڵێکی پەراوێزکاری مشەخۆرانە زیاتر هیچ ڕۆڵێکی تری بۆ نەمایەوە"[٤].

سروشتی بوو ئەم چینە نوێیە سەرکەوتوە، وەك هێمامان بۆ کرد لە بوونی کۆمەڵایەتی سیاسیدا توانای بەدەستهێنابوو، کۆششبکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەهاو بڕوایانەی باوەڕی پێیان هەبوو و کار بۆ ڕاگەیاندنی ئەو بیروڕاو فیکرگەلە بکات، کە نیشانەی سەرکەوتن و باڵادەستی ئەو بوون. لێرەشدا پێویستیمان بەوە نییە جارێکی دیکە بڵێین چینی بۆرژوا لە پشت بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە نوێکانەوە بوو، فیکری فەلسەفی عەقڵانی و فیکری "ڕۆشنگەری"ش بە گشتی ئەم چینەیان بە پارێزەری هاندەری کارکردن و بەرهەمهێنان دەبینی و وەك ئەو مەعمیلە بەکاربەرە تێیاندەڕوانی، کە ئەو شتانەی لەو فیکرەدا دەبینییەوە کە بەهانەیان بۆ داخوازییە مەزنەکانی ئەو چینە دەهێنایەوە، واتە "یەکسانی" ماف و بەربژاری (لەگەڵ خانەدارەکان و پیاوانی کڵێسادا)، "سەربەستی"ی بڕوابوون بە بیروڕاو بڕوا جۆراوجۆرەکان، کە جیاوازن لەگەڵ ئەوەی کڵێساداو بیرکردنەوەو کارکردن ڕووەو ئاسۆیەك، کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی کڵێسا و بازنەی پیرۆزی.

چینی بۆرژوا، لە فەرەنسا، کۆڵەکەی ئابووریی خۆی لە بازرگانیدا دەبینییەوە، پاڵپشتی مەعنەویشی لەو سیستەمە مەعریفی و بەهایانەدا دەدۆزییەوە، کە بازرگانی دەیهاوردن. جیهانی بازرگانی جیهانی خاوەنداریتی، شمەك، گوێزانەوەی ئاسانکراوە لە کات و شوێندا، بازرگانیش لەو جیهانەدا خۆی بە نوێنەرێکی چالاك و خاوەنشکۆیەکی باڵادەست دەزانی و لە پانتاییەکی مرۆیی ڕووتدا جێگۆڕکێیدەکرد، کە هیچ پەیوەندییەکی حەتمی بە پیرۆزییەوە نەبوو و پێویستی بە ڕەبەن و نوێنەرانی دەسەڵاتی کڵێسا نەبوو و ئامانجی قازانج بوو. لە کاتێکدا کڵێسا چەندین سەدە بوو لە مێشکی خەڵکدا قازانج و گوناهی پێکەوە دەبەست، بازرگان بە پێچەوانەوە (وەك لێکۆڵەرەکان بەدیدەکەن) کۆششیدەکرد بۆ ئەوەی "خووڕەوشت بکات بە بەری قازانجدا"[٥]، بەوجۆرەش بازرگان بە

پێویست بوە دروستکەری نەریتە نوێکانو بەشداریکار لە دامەزراندنی پایەکانی زانستی نوێدا.

لە ڕاستیدا ئەو بەهایانە نوێبوون، چونکە توانیان جێیەك لەژێر خۆردا، لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی کڵێسا، دوور لە دەسەڵاتو باڵادەستی پیرۆزی بۆ خۆیان بدۆزنەوە. لە ئەدەبیاتی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بۆرژواییانەدا، خوێنەر بە جۆرێك لە "بوێری"ی سەرنجڕاکێشەوە ئاخاوتن سەبارەت بە *بەرژەوەندی، سوود، بەرژەوەندیی گشتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی* دەکات. دەشی سەرنجڕاکێشترینیان ئەو دوو دەستەواژەیەی دوایی بێت: *"بەرژەوەندیی گشتی"* و *"پەیوەندیی کۆمەڵایەتی"* چونکە هەر یەکێکیان ماناو سەرچاوەیەکی ناسراوی هەیە، *"بەرژەوەندیی گشتی"* ڕەتکردنەوەیەکی شاراوە یان ڕاشکاوانەی بنەمای کۆمەڵگایە لە "سیستەمی کۆن"دا، کە بەربژارییە مادیو مەعنەوییەکان بازنەی "زانایانی ئایینی" لەلایەك و "خانەدارەکان" لەلایەکی ترەوە تێپەڕناکات. *پەیوەندیی کۆمەڵایەتیش* مانای ڕەتکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دامەزراوبوو، کە لەسەر جیاکارەیی کۆمەڵایەتی، بەپێی پەیوەندارێتی خێزانی یاخود ڕەچاوکردنی پلەی ئایینی ڕەسمی، دامەزرابوو. ئاخاوتن لەبارەی "بەرژەوەندیی گشتی" و "پەیوەندیی کۆمەڵایەتی"ەوە لەدوا ئەنجامدا مانای هەڵگێڕانەوەی وێناکردنی ئایدیۆلۆژیی یەکگرتووی سەرتاپاگیرە: لەبری جیهانبینی "شاقوڵی"، کە پۆلێنکردنی خەڵك لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، جیهانبینی "ئاسۆیی" بۆ تاکەکانی بوونێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کە دروشمی "یەکسانی" تاکە پرنسیپی قبوڵکراو و دروشمی گونجاوە بۆ بوونو کار. لەبری ئەو جیهانبینیەی دەسەڵاتی سیاسیو پیرۆزی لەلایەکەوەو ئەو دەسەڵاتەو باوکسالاری لەلایەنی دوەمەوەو ئەمانە هەموو لەگەڵ ڕەهاییبوونو نەبوونی سانسۆرکار یان کۆنترۆڵکار لەلایەنی سێیەمەوە، جیهانبینییەکی جیاواز یاخود تەواو ناکۆك سەریهەڵدا، کە پێچەوانەی هەموو ئەوانە دەردەبڕێت. لە واقیعدا، ئەم گۆڕانکارییەی "جیهانبینی" یان شێوازی تێڕوانین، ڕاگەیاندنی

لەدایکبوونی شتێکی تەواو نوێ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە جان جاك رۆسۆ لە ڕستەی یەکەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا "لەبارەی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە" نووسیویەتی: "دەمەوێت بگەڕێم بەدوای ئەوەدا، داخۆ لە سیستەمی شارستانیدا، بنکەیەك بۆ فەرمانڕەواییکردن هەیە، لەسەر بناغەیەکی ڕەواو نەگۆڕ پێکەوە؛ بناغەیەك بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان دەکات کە هەن، بەو جۆرەش مامەڵە لەتەك یاساکان دەکات، کە پێویستە هەبن"(٦).

ئاشکرایە یەکەمین مانای گەڕان بەدوای "سیستەمی شارستانی"دا، گەڕانە لە دەرەوەی ئەم سیستەمە، واتە دەرەوەی "سیستەمی کڵێسایی" بە پێی مانای سمبولیی زمانەوانی بنەڕەتیی دەستەواژەی "شارستانی". ئەو ویستەش، کاتێك لەبەر ڕۆشنایی تێکڕای ئەو گۆڕانکارییانە سەیرمانکرد کە لەوەوبەر هێمامان بۆ کردون، ئەوا ڕاگەیاندنێکی ڕاشکاوانە دەبێت بۆ سووربوون لەسەر دابڕان لە "سیستەمی کۆن" و ئیمزاکردنێکی ئایدیۆلۆژیانە دەبێت لەسەر پەیمانی لەدایکبوونی کۆمەڵگەی "شارستانی".

لە بەشی داهاتوودا دەڕوانینە پێکهاتە مەعریفیەکانی بنیاتنانی "کۆمەڵگەی شارستانی"، بەو جۆرەی تیۆری سیاسیی کلاسیکی لیبرالیزم دایدەڕێژێت.

## دووەم

## تیۆری "کۆمەڵگە شارستانی" لە سەردەمی کلاسیکیدا

مەبەستمان لە سەردەمی کلاسیکیی تیۆری "کۆمەڵگەی شارستانی" ئەوکاتە سەرچاوەییەیە (بەتایبەتی ڕۆشنبیریو ئایدیۆلۆژی)، کە تیایدا ئەو تیۆرە داڕێژراوە. چونکە ئەو داڕشتنە بەیەکجار و لەسەر دەستی تاکە فەیلەسووفو بیریارێك ئەنجامنەدراوە، هەروەها لە تاکە وڵاتێك و بەدەر لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تر ڕوویننەداوە. داڕشتنەکە، بەو وێنەیەی ئیمڕۆ لە نووسینە سیاسییە نوێکاندا بەدیدەکەین، ڕۆژگارێکی زۆری خایاندوە، کە لە سەدەیەك کەمتر نییە (نێوان سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم).

فەیلەسووف و بیریارەکان بەکردەوە هەمەجۆر بوون، سەرەتا باسی ئەوانە دەکەین، کە پێیان دەوترێ یاسادانەرەکانی مافی سروشتی (*Les jurisconsultes*) (لەوانە گرۆشیوس و بۆفندرۆڤ)، هەورەها باسی جۆن لوك، تۆماس هۆبز، باروخ سپینۆزا، مۆنتسکیو وجان جاك رۆسۆ دەکەین. ئەو ناوبراوانە خەڵکی وڵاتەکانی هۆڵەندا، ئینگلستان، فەڕەنسا و سویسرا بوون. دامەزراندنی وێناکردنەکان و ڕەوتگە فیکرییە مەزنەکان بە دەگمەن بەری کاری تاکەکەسێك دەبن، هەمان دەستوور ڕاستە بۆ دامەزراندنی تیۆری سیاسیش لە فیکری فەلسەفیی نوێدا، هەر فەیلەسووف یان بیریارێکی گروپی ناوبراو بەشدارییکردوە لەم یان ئەو لایەنی پێکهاتەکانی تیۆرەکەدا، هەریەکێکیش کەوتۆتە مشتومڕەوە، هەندێك جاتر توندوتیژ، لەگەڵ ئەم یان ئەو بیریاردا. ئەم وتەیەش مانای ئەوەیە بیروڕاکان لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو تەبانەبوون: چونکە زۆرجار رۆسۆ هەڵوێستی دژایەتیکردنی ڕەهای وەرگرتوە بەرامبەر بە یاسادانەرەکانی مافی سروشتی و هەڵوێستی دوژمنکارانەو ناڕەزاییشی بەرامبەر بە هۆبز هەبوە. هەروەها بیروڕاکانی سپینۆزا لەگەڵ ئەوانەی هۆبزدا یەکناگرنەوە. هەندێك جار دیوارێکی مەزن لە نێوان ئەمەی دوایی و جۆن لوك دا، سەبارەت بە سەیرکردنی شتەکان و هەڵسەنگاندنیان، بەدیدەکرێت، تەباییەکی شاراوەش لەبارەی هەندێ توخمی تیۆرییەوە بەدیدەکرێت، کاتێك ناڕەزایی بەرامبەر تاکە دەسەڵاتی ڕەها دەربڕی، ئەمەش بۆ نموونە خاڵی پێکگەیشتنی ئەو و رۆسۆیە، بەڵام ئەم خاڵی پێکگەیشتنە ڕێگەی لەوە نەگرت رۆسۆ ناڕەزایی دەربڕێت بەرامبەر بە وێناکردنی مۆنتسکیۆ بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەگەڵ پاراستنی هێزو یەکگرتوویی لەلایەن تاکە جەستەی سیاسییەوە.

بێگومان خۆمان فڕێنادەینە نێو سەرلێشێواویی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جیاوازیو تەباییە وردکارو لاوەکیەکانی تیۆرەکانەوە، بۆیە باسی تاکەتاکەی ئەو فەیلەسووف و بیریارانەی دەستەی ناوبراو ناکەین، بەڵکو ڕێبازێکی جیاواز دەگرینەبەر، کە بە کردەوە دەمانگەیەنێتە ئامانجی ویستراو، ئەویش

هەڵوەستەكردنە لە ئاست پێكهاتە مەعریفییە مەزنەكانی تیۆرەكەدا، یاخود بەواتایەكی دیكە باس لەو تەوەرە گەورانە دەكەین، كە سیستەمی لیبرالی لە سەردەمی كلاسكیدا لە دەوریان دەخولایەوە.

دەشێت ئەو تەوەرانە بگێڕینەوە بۆ *سێ* دانەی *سەرەكی*، كە ئێمە هەمیشە لە گوتاری فەیلەسووف و بیریارە سیاسییە هێمابۆكراوەكاندا بەدییاندەكەین: قسەكردن سەبارەت بە بوونی دۆخێكی سروشتی بەرامبەر بە دۆخی كۆمەڵگە، قسەكردن دەربارەی پەیمانی كۆمەڵایەتی و پرنسیپی سەروەری. لەم سێ تەوەرە گەورەیەوە پرنسیپیچالاكی دیكە سەرچاوەهەڵدەگرن، كە وەك توخمی تەواوكار یاخود یاریدەدەرن بۆ تێگەیشتن لە بنەمای تیۆری لیبرالیزم، لەوانە: *هاوڵاتیبوون، خاوەندارێتی و دیموكراسی*.

سەرەتا هەڵوەستەدەكەین لەئاست سێ پێكهاتە مەزنەكەدا (دۆخی سروشتی/ دۆخی كۆمەڵگە، پەیمانی كۆمەڵایەتی و سەروەری)، ئینجا بۆ كاری پێداچوونەوەو هەڵهێنجانی سەرەنجامە گرنگەكان، لەئاست چەمكە تەواوكارەكاندا دەوەستین.

**١-دۆخی سروشتی/ دۆخی كۆمەڵگە:**

فەلسەفەی سیاسیی كلاسیكیی نوێ پێیوایە ئەوەی بیەوێ تیۆرێكی سیاسی دامەزرێنێت، پێویستە ئەوە بە ڕەچاوكردنی "دۆخی سروشتی"و دیاریكردنی هەڵوێستی ڕوون بەرامبەری ئەنجامبدات. ئەم "دۆخی سروشتی"یە، دۆخێكی گریمانەیی و خەیاڵپلاوانەیە، پێیوایە مرۆڤ لە دۆخێكی سەرەتاییدا دەژیا، كە پێش سەرهەڵدانی كۆمەڵگە كەوتبوو. كەواتە مرۆڤ بە دوو دۆخدا تێپەڕیوە: دۆخێك كە پێش "چوونە" نێو كۆمەڵگە بوو، مرۆڤ لە سروشتدا تەنیا بە پێی یاساكانی ئەمەی دوایی دەژیا، دۆخی دوەم كە دوای ئەوە بوو، پاش گوێزانەوە بۆ ژیان (لەنێو كۆمەڵگەدا) هاتبوو، مرۆڤ بە پێی فرمانەكان و دابینكارییەكانی ڕەفتاریدەكرد، ئەم دوو دۆخەش تەواو ناكۆكن: چونكە دۆخی دوەم تەنیا گوێزانەوەیەك نییە لە پلەیەكەوە بۆ پلەیەكی دیكە، بەڵكو گۆڕانە لە ئاستێكەوە بۆ ئاستێكی دیكە، واتە گۆڕانكارییەكی *چۆنایەتیە* نەك *چەندایەتی*، لەنێوان ئەو دوو

دۆخەشدا کەلێنێکی پان هەیە، کە بەهۆیەوە ئامرازەکانی پێکگەیشتن لە گۆڕی نابن. جا لێرەدا مرۆڤ ئەو دۆخە ڕەتکاتەوە یاخود بیری بکات، ئەوا ڕێگەی بۆ گەڕانەوەی لەگۆڕی نییە. ئەمە ئەوەیە فەیلەسووفەکان و بیریارەکان، وێڕای جیاوازیی بڕوایان، لەسەری ڕێکبوون، بەڵام سەبارەت بە سروشتی خودی دۆخەکە جیاوازبوون.

فەیلەسووفەکان و بیریارەکان پرسیاریان لە بارەی ئەم "دۆخە سروشتی"یەوە کردوەو وتوویانە: ئایا باشترە مرۆڤ *لەو دۆخە سروشتییەدا بمێنێتەوە یاخود چاکترە لە دۆخی کۆمەڵگەدا بێت؟* ئایا دۆخی سروشتی دۆخی کلۆڵی و بەدبەختی بوو، مرۆڤ بە ڕزگاربوون لێی شتێکی نەدۆڕاند، یاخود بە پێچەوانەوە دۆخی بەختەوەری و ئاسوودەیی بوو، بەدوورکەوتنەوە لێی مرۆڤ بەشێك یاخود هەموو دڵتەڕی لەدەستدا؟ لە پرسیارێکی یەکگرتوودا: ئایا دۆخی سروشتی دۆخی خراپەکارییە بوو بۆ مرۆڤ، یاخود دۆخێکی چاکەبەخش بوو؟

پێدەچێ ناکۆکترین دوو بیروڕا لەمەڕ "دۆخی سروشتی" ئەو دوو بیروڕایەبن، کە تۆماس هۆبز لەلایەك و جان جاك ڕۆسۆ لەلای دوەمەوە دەریانبڕیوە. ئاشنابوون لەگەڵ ئەو بیروڕایەدا بەسە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ئەو مشتومڕەی لەنێوان فەیلەسووفەکانی فیکری سیاسیی سەردەمی کلاسیکیدا هەبوو و بەسیشە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ یەکێك لە کۆڵەکەکانی تیۆری سیاسی.

دۆخی سروشتی لای تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) سەرتاپای دۆخی کلۆڵی و بەدبەختی بوو: دۆخی جەنگی ڕەهای بەردەوام، دۆخێك کە مرۆڤ "گورگ بوو بۆ براکەی"، چونکە مرۆڤ لەم دۆخەدا بەپێی تاقە یاسایەك دەژیا، ئەویش یاسای "مافی سروشتی" بوو. ئەم یاسایەش "مافی تەواو دەداتە مرۆڤ بۆ کارپێکردنی توانستی کەسێتی خۆی، لەپێناو پاراستنی سروشتی تایبەتی خۆیدا، یان بە واتەیەکی دیکە لەپێناو پاراستنی ژیانی تایبەتی خۆیدا"[(٧)]. لێرەشدا هیچ مەرج و ڕێگرێك نییە لەبەردەم ئەم مافەدا، جگە لە مەرجەکانی هێز، جا لەبەرئەوەی ئەمەش لە نێوان مرۆڤەکاندا جیاواز و جیاکارەیە، بۆیە هیچ سنوورێکی نییە.

جیاوازیش لە هێزدا سەرچاوەی کڵۆڵی و بەدبەختی بێسنوورە، کاتێك پێشبڕکێ لەپێناو بەدەستهێنانی هەمان شتدا بێت، بێگومان کە لە توانادا نابێت بەشێوەیەکی هاوبەش چێژ لە هەمان شت وەربگیردرێ، ئەوا دەبێتە هۆی خستنەوەی دوژمنایەتی. بۆیە سەیرنییە لای هۆبز ئەوە بەدیبکەین "ئەگەر مرۆڤ شتێکی چاند یان ڕواند یاخود بیناکرد و دەستیگرت بەسەر زەوییەکدا، ئەوا ئەوانی دیکەی هاوڕەگەز هێزی خۆیان یەکدەخەن و سازدەدەن بۆ ئەوەی موڵك و ماڵەکەی لێ زەوتبکەن"[٨].

هۆبز دەپرسێت: ئایا لە خودی سروشتدا ئەو یاسایانە نین، کە ڕێگرن لەوەی خەڵك بکەونە ژێر دەسەڵات و زۆرداریی یەکترییەوە؟ وەڵامی هۆبز لە ڕووی پرنسیپیی ڕووتەوە بەڵێیە، چونکە لە سروشتدا یاساکان هەن، "یاسای سروشت پرنسیپێك یاخود دەستوورێکی گشتییە عەقڵ دۆزیویەتیەوە، بەپێی ئەو یاسایە ڕێگە لە مرۆڤەکان دەگیردرێت ئەو شتانە بکەن، کە دەبنە هۆی تێکدانی ژیانیان یان داماڵینی ئەو ئامرازانەی چاودێری ژیانیان دەکەن و ژیانیان دەپارێزێن"[٩]. هەروەها یاسای سروشت ئەو پرنسیپە ساکارو ڕوونەیە، کە ناچارمدەکات بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکەم، کە حەزدەکەم مامەڵەی خۆمی پێ بکەن، بۆیە "دادوەری، یەکسانی، مامناوەندێتی و بەزەیی" ئەو چەمکانەن، کە دەکەونە نێو یاساکانی سروشتەوە، لەبەرامبەر ئەوانەش "لایەندارێتی، تۆڵەکردنەوە، فیزکردن و ئەوانی تر" دژی ئەو یاسایانەن، چونکە هەموو بە سروشتی خۆیان لێیان دەتەکنەوە. کەواتە، بۆچی مرۆڤەکان بڕوایان بە بەهاکانی یەکەم هەیە، کەچی زیاتر کار بەوانە دەکەن کە دەگەڕێنەوە بۆ دووەم؟ وەڵامدانەوەی لێکدەرەوەی ئەم ناکۆکییە لە خودی "سروشتی مرۆڤانە"دایە، کە لاوازەو بەلای کارپێکردنی خراپەکاریدا دەچێت. بۆیە جگە لە دەسەڵات، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ چارەسەرکردن و ڕێگرتن لە چەوساندنەوەی خەڵك لەلایەن یەکترەوە. "لەبەرئەوەی مرۆڤەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی هاوبەش نین، کە ناچاریانبکات ڕێزگرتن

پێڕەویبکەن، بۆیە لەو دۆخەدا دەبن کە پێیدەوترێ جەنگ؛ جەنگی هەر مرۆڤێك دژی برای مرۆڤی"[10].

مەسەلەی ڕوانینە دۆخی سروشتی لای جان جاك رۆسۆ (١٧١٢-١٧٨٨)، ئەگەرچی لە ڕووی هەنگاوهەڵهێنانەوە لەگەڵ هۆبز و یاسادانەرەکانی مافی سروشتیدا تەبایە، بەڵام لە ڕووی ئەنجامەکانیەوە جیاوازە. چونکە رۆسۆ ڕازییە لەسەر ئەو وتەیەی هۆبز، کە دەڵێت چەمکەکانی دادوەری، یەکسانی، چاکە، خراپەو شتەکانی دیکە لە دۆخی سروشتیدا تەنیا وەك وشەی بێ ناوەڕۆکی ڕاستەقینە دەمێننەوە، بەڵام جیاوازە لەگەڵیدا لە ڕووی وەسفکردنی مرۆڤەوە بەخراپەکاری، تەنیا لەبەرئەوەی مانای چاکە نازانێ. هەڵەی هۆبز لەو جیهانبینییەدایە، کە بەکاریدێنێ. "هۆبز خەوشیی هەموو پێناسە نوێکانی مافی سروشتی خستەڕوو، بەڵام ئەو ئەنجامانەی کە لەو پێناسەیەوە هەڵیدەهێنجێ، ئەوەمان بۆ دەردەخات بە مانایەك وەریدەگری، کە هەڵەکەی لەوانی دیکە کەمتر نییە (..) پێویست بوو ئەم نووسەرە بڵێت دۆخی سروشتی ئەو دۆخەیە تیایدا بایەخدان بە پاراستنی بوونی تایبەتیمان زیانی کەمترە بۆ ئەوانی دی، بەو پێیەش تەباترین دۆخە لەگەڵ ئاشتیدا و گونجاوترە لەگەڵ توخمی مرۆڤدا، بەڵام ئەو تەواو بە پێچەوانەوە قسەدەکات، چونکە بەهەڵە ئەو ویستانە دەخاتەوە، کە دەستکردی کۆمەڵگەیەو دەیخاتە ڕیزی ئەوانەوە، کە مرۆڤ لەپێناو پاراستنی ژیانیدا کۆششی بۆ دەکات"[11]. کەواتە خەوشیی هۆبز، لە ڕوانگەی رۆسۆوە، لە تێڕوانینیدایە بۆ مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، ئەمەش بەچاوی ئەو مرۆڤەی ئیمڕۆ لەنێو کۆمەڵگەدایە. ئەو خەوشییەی ڕێگەی لێگرت، بۆ نموونە، وریابێت بەرامبەر بەو سۆزە پاکەی لاوازترین بوونەوەرەکان هەیانە، ئەویش سۆزی "بەزەییە". چونکە بەزەیی، "درندەیی" و زیادەڕۆیی خۆپەرستی نەرمدەکاتەوە، ئەم بەزەییەش ئەگەرچی لای خەڵکی سادەی نزیکتر لە سروشت گەرموگوڕو بەجۆشە، بەڵام لای توێژەرەکانی سەرەوەو خاوەن پایە بەرزەکان لاوازدەبێ و دەچێتەوە یەك، بەڵکو لەناودەچێت، "چونکە کاتی ڕوودانی ئاژاوەو شەڕەکانی سەر شەقامەکان،

ڕەشووڕوتەکان کۆدەبنەوە، کەچی مرۆڤی وریا هەڵدێتو دووردەکەوێتەوە: ئەوە خەڵکە پڕوپوچەکانو ژنانی کارگەی عەمبارەکانن هەوڵدەدەن ناحەزییەکان لێکبکەنەوەو ڕێگە لە مرۆڤە بەشەرەفەکان دەگرن لەنێوان خۆیاندا شەڕبکەن"(١٢).

لای ڕۆسۆ، مرۆڤ بەڕادەی نزیکبوونی لە دۆخی سروشتیەوە چاکەخوازتر دەبێتو بەڕادەی کاریگەریی خواستەکانو پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە خراپەکاری نزیکدەبێتەوە یاخود دەکەوێتە نێو خراپەکاریی تەواوەتیەوە. یەکەمین شتێك، کە هانی خراپەکاری بداتو بانگەشەی بۆ بکات، خۆشەویستی خاوەندارێتییە. مرۆڤی سەرەتایی، کە لە دۆخی سروشتیدا ژیانی بەسەردەبرد، پێش ئەوەی چێژ لە خاوەندارێتی وەربگرتایە لە خراپەکاری بەدوور بوو. لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ توانی "پەرژینی زەوییەك بکاتو بڵی ئەمە هی منە، ئینجا کەسانێکی سادەو ساویلکەی وای دۆزییەوە کە بڕوایان پێکرد، لەو ڕۆژەوە ئەو مرۆڤە دامەزرێنەی بەکردەوەی کۆمەڵگەی شارستانییە. کەواتە چ تاوانێك، سەرنگونکردنێك، خراپەکاریو ناشرینکارییەك توخمی مرۆڤایەتی لەدەست مرۆڤێکی دی دەپاراست، کە ڕاببوو و مێخەکانی هەڵکەندبوو و چاڵەکانی پڕکردبوەوەو هاواری لە خەڵك کردبوو: خەڵکینە خۆ بەدووربگرن لە گوێگرتن بۆ ئەم ساختەچییە، ئەگینا بێگومان ئەگەر ئەوە لەبیربکەن کە بەرهەمەکان هی هەمووانە و زەوی موڵکی کەس نییە، ئەوا لەناودەچن"(١٣).

لەدایکبوونی کۆمەڵگەی شارستانی گرێدراوە بەسەرهەڵدانی پرنسیپی "خاوەندارێتی"یەوە، بەسەرهەڵدانی ئەم پرنسیپە خراپەکاریو بۆگەنی سەریانهەڵدا، بەوپێیەش لەدایکبوونی کۆمەڵگەی شارستانی، لای نووسەری "پەیامێك لەبارەی بنەچەی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکانەوە" هاوشانی لەدایکبوونی خراپەکارییە، بەلام ئەم سەرەتایە زۆر بە خێرایی دەبێتە هۆی ڕوودانی خراپەکارییەکانی دوای خۆی: چونکە شەهوەتی خاوەندرێتی شەهوەتەکانی دیکەی بەدوادا دێن، بەسەرهەڵدانی "جیاوازی" و جیایی نێوان ئەوانەی هەیانەو ئەوانەی نیانە، جۆری دیکەی جیاوازیو جیاییەکان سەرهەڵدەدەنو

"خۆپەرستی و سوکایەتیپێکردن لەلایەك و شەرم و ئیرەیی لەلایـەنی دووەمـەوە" لەگەڵ خۆیاندا دێنن. بەزۆربوونی جیاوازی و جیاییەکان و گرتبوونەوەی دەسەڵات لەلایەکەوەو نەبوونی و بێدەرەتانی لەلایەکی دیکەوە، خەڵك دەکەونە نێو دۆخێکی دیکەی یەکسانییەوە، دۆخێکی نوێوە کـە زۆردار بـەهێزی زۆرداری و دەسـەڵاتی ڕەهای خۆی دەیانخاتە ناویەوە. زۆرداری "دوا پنتە بازنەکە دادەخات و بەو پنتە دەگات، کە هەنگاومان لێوە هەڵهێناوە: لێرەدا مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە بۆ یەکسانی تـەواوەتی، چونکە ئـەوان شـت نـین"[14]، یەکسـانیەکی ڕەسـەنی سـەرەتایی، کـە سـەرچاوەکەی سروشـتە (کـە لـە ڕاسـتیدا خـەڵك لـەو سروشـتەدا بـوون و تیـایدا دەژیـان)، یەکسـانییەکی دەسـتکرد، کە سـەرچاوەکەی زۆرداریـیـە (چونکـە بـەرەو دۆخێکی هاوشێوەی نەبوونی و بێ خاوەندارێتی بردون).

پوختەی مەسەلەکە لای ڕۆسۆ، دۆخی سروشتی بە شڵەژان و ئاژاوەی گشتی لێکدەدرێتـەوە، "ئاشـکرایە ئـەوە ناکۆکـە لەگـەڵ یاسـای سروشـتدا، جـا ئـەو یاسـایەمان بەهـەر جۆرێـك وەرگرتبـێ، ئـەوا گـەنجێکی نـەفام فـەرمانڕەوایی پیرەپیـاوێکی شـارەزا دەکـات، گەمژەیـەکی شـێت ڕابەرایـەتی دانایـەك دەکـات و دەستەیەکی بچووك بە کەمالیاتی زۆر شاددەبن، لەکاتێکدا زۆربەی خەڵك بێبەشن لـە پێداوسـتییە گرنگـەکان"[15]. تاکـە ڕێگەیـەکیش بۆ هـەڵگرتنی ئـەم بێدادییـە، وەلاوەنانی ئەو جیاوازییەیە، کە بنەچەیـەکی سروشـتیی نییـە، گەڕانـە بـەدوای فۆرمێکی نوێی ژیان و بووندا.

لـەم سـەرەنجامەدا هـەردوو فەیلەسـووف (هۆبـز و ڕۆسـۆ) پێکدەگـەن، چونکـە ئەگەرچی لە جیهانبینی و شیکردنەوەدا جیاوازن، بـەڵام هـەردووکیان دەگەنـە ئەو بڕوایەی بڵێن: پێویستە ددان بە "پـەیمانی کۆمەڵایـەتی"ی نێوان بوونـەوەرەکانی نێو کۆمەڵگەیەکدا بنرێت.

### ٢-پەیمانی کۆمەڵایەتی:

پەیمان ڕێکەوتنێکە لە نێوان دوولا یان لایەندا، ڕێکەوتنێك لەسەر ڕێزگرتنی کۆمەڵێك پرنسیپ و ڕێکەوتننامە، کە ڕادەگەیەنرێن یاخود دادەڕێژرێن (یان هەردووکیان پێکەوە). پەیمانی کۆمەڵایەتی، وەك هەر ڕێکەوتنێکی دیکە، بەدەستهێنانی شتێکە بەرامبەر دەستهەڵگرتن لە شتێکی دیکەو بەشێوەیەکی ویستخوازانە. سەبارەت بە سێ مەسەلە: ڕوانینە سروشتی ئەو دەستهەڵگرتنە، تێگەیشتن لە واتەی چۆنێتی دەستهەڵگرتنەکە و وێناکردنی ماف و ئەرکەکانی هەرلایەنێکیش لەلایەنە پەیمانخوازەکان، جیاوازیی تێڕوانین لە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکیی نوێدا هەیە. لەو مشتومڕانەی نێوان ئەو تێڕوانینانەوە (کە باسی چواریان دەکەم: تێڕوانینی یاسادانەرەکانی مافی سروشتی و جۆن لوك، وێڕای بیروڕاکانی هۆبز و ڕۆسۆ) خودی تیۆری کۆمەڵگەی شارستانی توندوتۆڵی زیاتر و قووڵییەکی زیاتر بەخۆوە دەگرێت. لەپێناو ڕەچاوکردنی کورتیی دەربڕیندا، هەڵوەستەیەکی کورت لەئاست هەریەکێك لەو چوار تێڕوانینانەدا دەکەین.

تۆماس هۆبز "ڕێکەوتن" و "کۆکبوون" لێك جیادەکاتەوە، چونکە ئەمەی دووەم سروشتی و خۆڕسکە، بەڵام ئەوەی یەکەم ویستخوازو "دەستکرد"ە، کۆکبوون ئەوەیە گیانلەبەرەکان وا لێدەکات لەنێو کۆمەڵێکی هاوڕەگەزدا بژین، کە پەیوەندارن پێوەی، بێئەوەی یەکتر بکوژن و ئەم ئەوی دی بخوات، بەڵام "ڕێکەوتن" دەستکردە، چونکە نە سروشتییە و نە خۆڕسك و مرۆڤەکان کۆبنەوە، بێ ئەوەی یەکتر بکوژن، یاخود یەکێکیان هەوڵبدات چاڵ بۆ ئەوی دی هەڵکەنێ.

ڕێکەوتن بێ ویست و بڕیاری بە کۆمەڵ، کە مرۆڤە کۆبوەکان ددانی پێدا دەنێن، نابێت و بەبێ بوونی خواستێکی دوولایەنی لایەنەکان بۆ ڕێزگرتنیان لە کۆمەڵێك "کۆکبوون و ڕێکەوتننامە" ڕوونادات. لەبەر ئەمەیشە یەکەمین مەرج ئەوەیە بەشێوەیەکی یاسایی دابڕێژرێ، کە کۆمەڵێك *"بەند"* ی ڕاشکاو و ڕوون جڵەویدەکات و *"بڕوانامە"* یەکی ئاشکرا و توندوتۆڵ ئاڕاستەیدەکات. هەرکاتێك تێکڕای ئەم مەرجانە کۆبوونەوە، ئەوا *"پەیمانێکی کۆمەڵایەتی"* لە ئارادادەبێ و

مەرجەکانی ڕاستی پەیمانەکانی تێدا دەبێ و هۆکارەکانی مەحاڵبوون و هەڵوەشانەوە دەخرێنەڕوو. هەروەها مۆرکردنی پەیمانی ڕاست، پێویستی بە پێداویستی و لۆژیك، خولادان و دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرەکانی پەیمانبەستنی مەحاڵ هەیە. بۆ نموونە، مەحاڵی بوونی کۆکبوون لە نێوان مرۆڤەکان و گیانلەبەرەکاندا، یان نێوان مرۆڤ و خواوەنددا، ئەمە بەهۆی "ئەوانەوە بێت کە خواوەند ڕایسپاردون، یان بەهۆی دەرکەوتنێکی بان سروشتییەوە، یاخود لە ڕێگەی ئەوانەوە، کە نوێنەرن و بەناوی ئەوەوە فەرمانڕەواییدەکەن و لە خزمەتی ئەودان"[١٦]. بۆیە هەر پەیمانێك تێدا لایەنێك مەرجی وا بخاتە ئەستۆی خۆی، کە پێشوەخت دەزانێ مەحاڵە جێبەجێکرێن، پەیمانێکی مەحاڵ و هەڵوەشاوەیە. بۆ نموونە پێڕەویکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەیی ڕەهاو توندوتیژیی بێوێنە بە بەرگریکردن و داکۆکی لەخۆکردن. کەواتە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی پەیمانێکی ڕاست نابێت، لەو بارەدا نەبێ کە دوو مەرجی گرنگ کۆدەبنەوە:

یەکەمیان ویستخوازانە بێ لەلایەکەوەو هەموو مەرجەکانی ڕاستیی تێدا بێ لەلایەکی دیکەوە، دووەم هێزێکی زۆربۆهێنەر هاوکاریبێت بۆ ئەوەی بەڕێوەچوونی یاسا سروشتییەکان زامنبکات و ڕێگە لەوە بگرێ لێی لادەن. بەلای هۆبزەوە، تاکە ڕێگەیەك بۆ زامنکردنی کۆبوونەوەی ئەو دوو مەرجە ئەوەیە، کە: "هەر مرۆڤێك دەسەڵاتی خۆی و هەموو هێزی خۆی ببەخشێتە تاکە کەسێك، کە بەهۆی یاسای زۆرایەتیەوە توانای ئەوەی هەیە هەموو ویستە جۆراوجۆرەکان لە ویستێکدا کۆبکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە: کەسێك یاخود کۆمەڵێك دەستنیشانبکرێن بۆ ئەوەی بەرپرسیاریی تەواو بگرنە ئەستۆی خۆیان، بەجۆرێك هەر مرۆڤێك ددان بەوەدا بنێ، ئەوەی ئەم کەسە یاخود کۆمەڵە پێیهەڵدەستێت وەك ئەوە وایە، کە خۆی بکەریانە (...) بەو جۆرەش هەر مرۆڤێك ویست و دەسەڵاتی خۆی دەخاتە ژێر ویست و دەسەڵاتی ئەو کەسە یاخود کۆمەڵەوە. ئەمەش تەنیا کۆبوونەوەیەکی ڕووت یاخود کۆکبوونێکی ڕووت نییە: چونکە

مەسەلەکە پەیوەندە بە یەکگرتوویی بەکردەوەی هەمووانەوە لە تاکە کەسێکدا، سەبارەت بە یەکگرتنێکە بەهۆی پەیمانێکەوە دێتەدی، کە هەریەکێك لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا مۆریدەکات، وەك ئەوەی هەر تاکێك لەنێو کۆمەڵەکەدا بە تاکێکی دی نێو هەمان کۆمەڵ بڵێ: *مـن ڕێگـەم بـەم کەسـە یـاخود کۆمەڵـە داوەو دەسـتم لـە مـافی خـۆم بـە فـەرمانڕەواییکردنی خـۆم هـەڵدەگرم، بەمـەرجێ تـۆش لـەلای خۆتـەوە دەسـت لـە مـافی خـۆت هـەڵگریت و ڕێگـەم پـێ بدەیـت هـەر کـارێك مەبەستم بێت بیکەم"* (١٧).

کەواتـــە پـــەیمان لـــەنێوان دوولایـــەندا ڕوودەدات: لایـــەنێك تێکـــڕای پەیمانخوازەکانن، کە بە ویستی خۆیان دەسـتبەرداری سـەرتاپاو تێکـڕای مافـە سروشـتییەکانی خۆیـان بوون، بەو جۆرەش ویستەکان بوونەتە تاکـە ویسـتێك و دەنگە زۆرەکـان بوونەتـە دەنگێـك، لایـەنی دووەم ئـەو کـەس یـان کۆمەڵەیـە، کـە نوێنەرایەتیدەکات و دەستبەرداربیەکەی بۆ دەکرێ و نموونەی بەرزی سەرەنجامی ئەو دەنگانەیە، کە پێیدراوەو تاکە دەربڕی ئەو دەنگانەیە، "بە جۆرێك ئـەو لـە فرەییـدا نوێنەرایـەتی یـەکگرتن دەکـات، ئەمـەش بەشـێوەیەك، کـە نـاتوانین بەجۆرێکی دیکە وێنـای ڕوودانی بکـەین"(١٨). بەو جۆرە ئەو دەسەڵاتەی بـەپێی دەستوری پەیمانەکە بەو کەسە دەبەخشرێ، دەسەڵاتێکە کامڵ و ڕەهایەو ڕێگە بە پەڵپ پێگکرتنی نادرێت، بەڵکو ئەو پەڵپگرتنە هیچ مانایەکی نابێت. ئەم جۆرە تێڕوانینـە بـۆ مانـای پـەیمانی کۆمەڵایـەتی و ئەنجامەکـەی، فەیلەسـووفی ئینگلیزییـان کـردە تیۆریزەکـاری دەسـەڵاتی ڕەهـا لەلایـەنی فـەرمانڕەواوەو تیۆریزەکاری دەستبەرداریی میللەت یان کۆمەڵ لەلایکی دیکەوە.

بـەلام دەســتبەرداریی تــەواو لەلایــەن میللەتــەوە، بــەڵکو ملکــەچی و خۆبەدەستەوەدانی ڕەها بۆ فەرمانڕەواکان لای یاسادانەرەکانی مافی سروشـتی (*Les jurisconsultes*) دوورتردەچێ و پەیمان بەو شێوەیەی پێشوو نابەسترێت، شتێکی دیکە دەبێت جگە لە دەستبەرداربوونی ویستخوازانە لە ئازادی. جا ئەگەر مرۆڤەکان بەکردەوە پێویستیان بە پەیمانبەستن هەبێت، بۆ دەربازبوون لەو"بارە

بێئومێدە"ی لە دۆخی سروشتیدا تیا دەژین، ئەوا دەبێ ئەوە ڕوونبکەینەوە پەیمانبەست پێویستی بە پێڕەویکردنی بەندەکانی دوو "بڕوانامە" هەیە، کە تەواوکەری یەکترن و هەریەکێکیان بە پێویست بڕوانامە لەگەڵ ئەوی دی دەگۆڕێتەوە: "بڕوانامەی هاوکاری یان یەکێتی" لەلایەنی یەکەمەوەو "بڕوانامەی ملکەچکردن" لەلایەنی دووەمەوە. بڕوانامەی یەکەم مانای ڕوودانی ئەو بڕیارە ئیدارییەیە، کە مرۆڤەکان پێیدەگەن و بڕوا بە پێویستی پەیمانبەستنێك دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو، ئەویش بەرقەرارکردنی ئاسایشە لە کۆمەڵگەکەداو هێنانەدی ئاسودەییە لە دەروونەکاندا، بەڵام ڕێکەوتنی دوەم "ڕێکەوتنی ملکەچکردن"ە، بەهۆیەوە یەکەم دەپارێزرێ و بەهێزدەبێ و ئەو هێزە بەرگریکارە دەبێ، کە مرۆڤ ئازادانە بڕوای پێدێنێ و خۆڕسکانەو بەدڵخۆشییەوە دەستبەرداری "مافی سروشتی" خۆی دەبێت.

بەڵام ئایا ئەمە خودی کۆیلەییێتی نییە؟ ئایا ئەو خۆبەدەستەوەدانە بێ مەرجە قبوڵکردنی کۆیلایەتی نییە؟ وەڵامەکەی لای یاسادانەرای مافی سروشتی بەڵێیە، بەڵکو ئەو پێیوایە مافی تایبەتی و دەستکەوتی تیایە بۆ قبوڵکاری کۆیلەییێتیەکە: چونکە لە کۆندا پێویست بوو جەنگاوەر لە جەنگدا، لەکاتی سەرکەوتنیدا، دوژمنکەی خۆی بکوژێ، بەڵام دۆڕاویش بۆی هەبوو داوا لە سەرکەوتوو بکات، لە بەرامبەر پاراستنی ژیانی خۆی، دەستبەرداری ئازادیی تەواوەتی خۆی بێت. جا ئەگەر مەسەلەکە بۆ تاکە کەسێك شیاوبێت، ئەوا بەلای گرۆشیوس (*Grotius*) و پۆفندۆرف (*Pufendorf*)ەوە دەشێ میللەتێك ببێتە کۆیلەیەکی ژێردەستەی خاوەنی نوێ و خاوەنە نوێکەش، بەپێی پێداویستییەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و ناوەڕۆکەکەی لە ڕووی بڕوانامەی "هاوکاری" و "ملکەچکردن"ەوە، ڕازییە بەوەی فەرمانڕەوابێت، جا ئەو فەرمانڕەوایە سەرۆك بێت، پادشا بێت یاخود گروپێکی بچووك[١٩]. کەچی فەیلەسووفی ئینگلیزی جۆن لوك (١٦٣٢-١٧٠٤) دەگاتە سەرەنجامێکی ناکۆك بەو ئەنجامەی پێشوو، لەبەر ئەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرایەو لەگەڵ کۆیلەیێتی و ملکەچیدا نییە،

چونکە ئەم دوانە ڕەتکردنەوەو دوورخستنەوەی ئەو ئامانجەن. مەبەستی بنچینەیی پەیمانی کۆمەڵایەتی، پاراستنی ڕۆحەکانە و "خاوەندارێتی"یە. ئەو دەسەڵاتە سیاسی و دەوڵەت و حکومەتەی ئەنجامی ئەو پەیمانە هاتوونەتەئاراوە، "ئەو دەسەڵاتەیە هەموو کەسێك لە (گەشەکردنی سروشتی)دا هەیبوو، بەڵام دەستبەردایببوو بۆ گشت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو فەرمانڕەوایانەوە، کە کۆمەڵگە وەك نوێنەر دایمەزراندبوون و ڕاشکاوانەو میانەکارانە ئەم مەرجەی بۆ دانابوون: بەکارهێنانی دەسەڵات لەپێناو چاکەی ئەوان و پاراستنی موڵك وماڵیاندا"[٢٠].

چونکە "مافی خاوەندارێتی" سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤەو لە پێش هەمووشیانەوە "هەموو کەسێك مافی" خاوەندارێتی خودی خۆی هەیە، "ئەمەش مافێکە کەس ناتوانێ زەوتیکات". ئەم مافەش مرۆڤ بە کۆششکردن و لە ڕێگەی ئەو کارەوە بەدەستیدێنێ، کە ئەنجامیدەدات: ئەو ئاوەی بە جۆگەکاندا دەڕوات مەڵکی هەموو ئەوانەیە، کە بەدەوری ئاوەکەوەن، لەگەڵ ئەوانەی بەلایدا تێدەپەڕن، بەڵام کاتێك دەکرێتە گۆزەو دیزەوە، ئەوا دەبێتە "موڵکی" ئەوەی کردویەتیە ناویانەوە. ئاسکی ئازادیش لە دارستاندا موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام "موڵکی" ئەو کەسەیە کە دەتوانێ ڕاویبکات و کەس بەبێ ویستی کەسەکە بۆی نییە لێی زەوتبکات یان بەشەخۆریی لێ بکات. بۆیە مەحاڵبوو "کۆمەڵگەیەکی سیاسی دامەزرێت یان بەردەوامبێت، ئەگەر خاوەنی یەکەیەکی دەسەڵات نەبێ، کە پارێزگاری خاوەندارێتی دەکات و سزای ئەوانە دەدات، کە لە کۆمەڵگەدا هێرش دەبەنە سەری"[٢١]. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی مانایەکی وردبینانەو دیاریکراوی هەبوو، ئەویش "مافی یاسادەرکردن و کارپێکردنی سزای مردن و سزاکانی خوارتر بۆ پاراستن و ڕێکخستنی خاوەندارێتی و بەکارهێنانی هێزی کۆمەڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەو بەدوورگرتنی هێرشی دوژمنکارانەی دەرەکی بۆ سەر وڵات"[٢٢].

هەرکاتێك مەسەلەکە بەمجۆرە بێت، ئەوا شێوەی پەیمانبەستنەکە، کە مانای ملکەچی و کۆیلەیێتییە، وەك گرۆشیوش یان بۆفندۆرف مەبەستیانە، یاخود ئەو شێوەیەی تر، کە مانای دامەزراندنی فەرمانڕەوایێتی سەڵتەزەلامیی ڕەهایە، پەیمانێکی ڕەتکراوە دەبێ، چونکە ئەو ئامانجە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە خودی پەیمانبەستنەکە مەبەستێتی، لەبەرئەوەی بەپێی ئەو کارە پایەکانی خودی کۆمەڵگەی شارستانی لە بنچینەوە هەڵدەتەکێندرێن: "هەندێك پێیانوایە خاوەندارێتی ڕەهاکارانە تاکە شێوازی فەرمانڕەواییکردنە، کە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی شارستانیدا تەبا نییە، چونکە ئەوە بە هیچ جۆرێك یەکێك لە شێوازەکانی فەرمانڕەواییکردنی شارستانیانە نییە"[٢٣].

حوکمی ڕەهاکارانە، جا دیمەنەکان و شێوازەکان دەربڕینی هەرچییەك بن، تێکدانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئیفلیجکردنی ئەو پرنسیپە ڕاست و دروستەیە، کە لەسەری ڕادەوەستێ، ئەویش پرنسیپی ئازادی یاخود پرنسیپی ویستە (یان با بڵێین پرنسیپی ویستی ئازادیخوازانەیە). جا ئەگەر گرۆشیوس پێیوابێ دەشێ میللەتێك خۆی بکاتە موڵکێکی بەکاربراوی یەکێك لە پادشاکان، ئەوا دەبێ لە گرۆشیوسەوە ئەوە تێبگەین، کە ئەو میللەتە "پێش ئەوەی خۆی بکاتە موڵکێکی پەتیی پادشایەك، وەك میللەت دەمێنێتەوە، چونکە خودی ئەو خۆبەخشینە کردارێکی شارستانیانەیە، پێویستی بە شورایەکی میللی هەیەو چاکتر وایە پێش ئەوەی ئەو کردارە مەسخبکەین، کە بە هۆیەوە میللەتێك پادشایەك هەڵدەبژێرێ، ئەو کردارە تاوتوێبکەین، کە بەهۆیەوە گەلێك دەبێتە گەلێکی ڕاستەقینە. لەبەرئەوەی بەبڕوای ئەو کردارەکەی دوایی کارێکی پێشکەوتوو و پێشینەو بناغەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەیە"[٢٤]، چونکە ئەوە وێنەی میللەتە جەستەی سیاسی شیاودەکات. خوێنەری "لەبارەی پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە" بۆی دەردەکەوێ، کە ڕۆسۆ جارێك پێیدەڵێ "منی بە کۆمەڵ" جارێکی دیکە "ویستی بە کۆمەڵ"، جاری سێیەمیش "دەوڵەت". هەروەها ئەندامەکانی ئەم میللەتە "هاوڵاتی"ن، ئەگەر لە ڕووی چالاکی و هێزی چالاکی بڕیاردەرەوە تێمانڕوانین،

"دەستوپێوەند"یشن ئەگەر وەك گوێڕایەڵی ئەو نەخشانە دامانان، کە "ویستی گشتی" پلانیان بۆ دادەنێ و پێویستیاندەکات.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی نێوان بە گوێکردنی ئەو یاسایانەی داڕشتنیان جێی ڕێکەوتنەو ئەو ئازادیو کردارەی ملکەچکردن ڕەتدەکەنەوە، ئەوەیە ڕۆسۆ لە زۆر جێی نووسینەکانیدا پێوەی سەرقاڵبوە، وەك مشتومڕ سەبارەت بە پەروەردەو ئامانجی ڕاستەقینەی بۆ دەربڕینی ئازادی، کە لە کتێبی (*Emile*)دا باسی لێوەکراو، هەروەها لە "دائرة المعارف الشهيرة"ی گرێدرابوو بە فەلسەفەی ڕۆشنگەرییەوەو لە بابەتی "ئابووریی سیاسی"دا دەنووسێ و دەپرسێ: "ئەم هونەرە سەرنجڕاکێشەر و سەرسامکارە چییە، کە توانرا بدۆزرێتەوەو بەهۆیەوە مرۆڤەکان لەپێناو گۆڕینیان بە مرۆڤی ئازاددا ڕامکرێن؟ چۆن توانرا ئەو هەموو مرۆڤانە ڕامکرێن بەبێ ئەوەی تاکەکەسێکی ناسراو هەبێت، بە پێی بڕیارەکانی بجووڵێنەوە؟ چۆن توانرا لە سایەی کۆیلەیێتیەکی هاوشێوەوە ئازادتربن و مرۆڤ تەنیا ئەوەندە ئازادیی خۆی لە دەستبدات، کە سەرچاوەی شڵەژان و بێزارکردنی تاکێکی دیکەیە؟ ئەم دەستکەوتە مەزنانە بەرهەمی یاسان، چونکە تەنیا یاسا ئەوە بۆ گشت خەڵك زامندەکات تا چ ڕادەیەك دادوەری هەبێت و چەند ئازادییان هەبێت"[٢٥].

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی فەیلەسووفەکانی تیۆری سیاسی لە سەردەمی کلاسیکیدا ڕووبەڕووبوونەوەو بەو ناکۆکییە دەربڕدراوە، کە لە نێوان دەستبەرداری "مافی سروشتی" لەلایەك و دابینکردنی دامەزرانی کۆمەڵگە لەسەر "پەیمانبەستن" لەلایەکی دیکەوە، ناکرێ لای ڕۆسۆ بدۆزرێنەوە، لەو کاتەدا نەبێ کە لە پێکهاتە ڕاستەقینەکانی پرنسیپی "سەروەری" دەکۆڵینەوە. جا ئەگەر توانیبێتمان لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا ڕەوایەتی لای ڕۆسۆ لەوانەی بەر لەو جیابکەینەوە، یاخود لەبەر پێداویستی خستنەڕوو پێی هەڵسابین، ئەوا پڕۆسەکە سەبارەت بە فەیلەسووفی فەرەنسی زۆر سەختە، بەڵکو مەحاڵە.

کەواتە تێگەیشتن لە تیۆری "پەیمانی کۆمەڵایەتی" لای رۆسۆ پشتبەستوە بە تێگەیشتنی "سەروەری". پێش ئەوەی تێڕوانینی رۆسۆ بخەینەڕوو، دەگەڕێینەوە بۆ سێ فەیلەسووفەکەی پێشتر، بۆ ئەوەی بیروڕا جیاوازەکانیان دەربخەین.

**٣-سەروەری:**

کاتی باسکردنی سەروەری، لە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکیدا، سێ پرسیار دەردەبڕدرێت، کە وەڵامدانەوەیان هەڵوێستی فەیلەسووفەکان دەخاتەڕوو و لایەنە جیاوازەکانیان دەردەبڕێ: سەرچاوەی سەروەری کامەیە؟ سروشتی سەروەری چییە؟ سنووری سەروەری لەکوێدایە؟

یاسادانەرەکانی مافی سروشتی پێیانوایە، لەباری سروشتیدا سەروەری لە بنەچەوە لەهەر تاکێك لە تاکەکاندا هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دۆخە ناتوانێ بەردەوامبێت و بەرەو بێدەرەتانی و نەگبەتی دەچێت، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤێك دەست لەو سەروەرییە هەڵگرێت کە هەیەتی، بۆ ئەو کەسەی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" لەتەکدا بەستراوە. بەو جۆرە گرۆشیوس دەڵێت: سەروەری "دەشێت وەك هەموو شتەکانی دیکە بگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی حەقیقەتی بۆ دەگێڕدرێتەوە"، ئەو کەسەش ئەوەیە کە لەلایەکەوە "بڕوانامەی ملکەچکردن" و لەلایەکی دیکەشەوە "بڕوانامەی هاوکاری" لەگەڵ مۆرکراوە، بێئەوەی ئەو دوو بڕوانامەیە، بۆفندۆرف وتەنی، مانای لەناوچوون و وەلاوەنان بگەیەنن، "چونکە کاتێك تاج دەکرێتە سەری پادشا، ئەوا دەسەڵاتی باڵا لای کۆی گشتی میللەت نامێنێتەوە، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە ئەو میللەتە نابێتە زۆرینەیەك، کە هیچ پەیوەندییەك پێکەوەیان نابەستێ، بەڵکو هەمیشە و بەردەوام وەك تاکە جەستەیەکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە"[٢٦].

ئاشکرایە کاتێك توانیمان ئەو جلوبەرگی سەنگینییە درۆزنانەیە لە دەقەکە داماڵین، کە قوتابخانەکە دەخوازێ ڕاستیی زەبوونی و خۆبەدەستەوەدانی پێ

پەردەپۆشکرێ، کاتێك توانیمان ئەو دەمامکی هەڵبژاردنە خەیاڵپڵاوانەیەی لێ داماڵین، کە پێی پەردەپۆشدەکرێت، ئەوا خۆ لەبەردەمی تیۆرێکدا دەبینینەوە، کە هەموو دەسەڵاتێك لە میللەت دادەماڵێ و هەموو بەهانەو ڕەوایەتیەك بۆ فەرمانڕەواییکردنی ڕەها دەبینێنەوە، بەو جۆرەش خودی پرنسیپی کۆمەڵگەی شارستانی ڕەتدەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی تۆماس هۆبز پێیدەگات زۆر جیاواز نییە لەم واتایە، ئەگەرچی دەستەواژە یان دارشتنی جیاوازیش بێت.

"ئەم زۆرینەیەی خەڵك، کە لە تاکەکەسێکدا یەکخراون، ئەوەیە کە پێیدەوترێ کۆمار (*Respublica*) و لە زمانی لاتینیدا پێیدەوترێ شار (*Civitas*) و ئەو چۆنایەتیەیە، کە بەهۆیەوە ئەو لە ڤیتانە (*Le'viathan*) یان ئەگەر بمانەوێ بڵێین ئەو خودا فەوتێنەرە دروستدەبێ، کە لە سایەی خودای نەمردا بە ئاسایش و ئاسوودەیی خۆمان قەرزارین، چونکە ڕۆحی کۆمارەکەمان تەنیا لەوەدایەو دەشێ بەمجۆرە پێناسەی بکەین: تاکەکەسێکە زۆربەی زۆری خەڵك، بە پێی ئەو پەیمانانەی لەنێوان خۆیاندا بەستویانە، کردویانەتە دروستکەری گشت کردارەکانیان و مافی ئەوەی هەیە گشت هێزو تواناکانیان جڵەوبکات، سەودا بە هەموو داراییەکانیان بکات، ئەمەش بەو شێوەیەی بەلایەوە گونجاوترە بۆ ئاسوودەییان (..) هەڵگری ئەم کەسایەتیەو خاوەنەکەی ئەوەیە، کە بە خاوەنی سەروەری ناویدەبەین و پێیدەڵێین دەسەڵاتداری باڵاو هیچ مرۆڤێك نامێنێتەوە نەچێتە ڕیزی دەستوپێوەندەکانیەوە"[٢٧].

کەواتە کۆمار "لە ڤیتان"ە، "خواوەندی فەوتێنەرە"، "خاوەنی سەروەری"یە یاخود "خاوەنی دەسەڵاتی باڵا"یە. هەموو ئەم چەمکانەش یەك مانایان هەیە، ئەویش مانای دەسەڵاتی ڕەهایە، بەو جۆرەی لای هۆبز بینیمان. بەو پێیەش ناشێ بێ ئەوەو بەدەر لەوە لە مانای سەرورەی بگەین و ناشکرێ سەروەری، جگە لە دەسەڵاتی ڕەها، گرێدرێتەوە بە شتێکی دیکەوە.

مەسەلەکە لای جۆن لوك جۆرێکی ترەو جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ هۆبز و یاسادانەرەکانی مافی سروشتی، ئەمەش زیاتر لە کاتی ئاخاوتندا دەربارەی

سەروەری ئاشکرادەبێت. دەلالەتەکانی سەروەری لەو وتە جۆراوجۆرانەدا بەدیدەکرێت، کە لە کتێبی "پەیامێك لەبارەی فەرمانڕەوایی شارستانییەوە" مانای دەسەڵاتی سیاسیان پێ لێکدەدرێتەوە، ئەو مانایەش گرێدراوە بە حورمەتگرتنی خاوەندارێتیو پێویستی کۆبوونەوەو یاسادانانەوە، بەو شێوەیەی ئەو خاوەندارێتیە بپارێزرێو ڕێزلێگرتنی دووپاتبکرێتەوە. لەوانەیە پوختەی تیۆرەکەی لۆك لەبارەی سەروەرییەوە، کە گرێدراوی خاوەندارێتییە، لەو قسانەی پێشەوەدا بدۆزینەوە، کە پێشتر سەبارەت بە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی باسمانکرد و ئەوەمان بەدیکرد بە تەواوەتی خاوەندارێتی ڕەها ڕەتدەکاتەوەو بوونی بە ڕاگەیاندنێکی ڕووهەڵماڵراوی ڕۆحی کۆمەڵگەی شارستانی دادەنرێو بەردەوامبوونی ناکۆکە لەگەڵ سروشتی ئەو سیاسەتەی بنچینەی خودی پەیمانی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنا.

ئەم ڕەتکردنەوە بڕیاردەری فەرمانڕەوایی ڕەها، جا هەر شێوازێکی هەبێت، کە بە گەشەکردنی تیۆری جۆن لوك دەژمێردرێ، لای جان جاك ڕۆسۆ دەبینرێتەوە، بەتایبەتی لە ئاخاوتنە تێروتەسەلەکانیدا لەبارەی سەروەرییەوە، کە چەندین بڕگەی بۆ تەرخانکردوە (دەشێ سەرتاپای کتێبی دووەمی گرتبێتەوە). ئەگەر لەکاتی ئاخاوتنمان سەبارەت بە پەیمانی کۆمەڵایەتی وتبێتمان: تیۆری ڕۆسۆ لەبارەی سەروەرییەوە بڕبڕەی پشتی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیە و مەحاڵە ئەو دوو تیۆرە، تەنانەت لەبەر پێداویستی خستنەڕوو و پێشکەشکردنیش، لێك جیابکرێنەوە، ئەوا مەبەستمان لەوە دووپاتکردنەوەی ئەو هۆشمەندییە تیژەیە، کە لای ڕۆسۆ هەبوەو ئەوەی پێویستکردوە "میللەت" بکرێتە بازنەی گوتاری سیاسی، میللەت بەواتەی سەرجەمی ئەو توێژە فراوانانەی خەڵك، کە ڕۆژگارێکی دورودرێژ لە سیبەر یاخود پەراوێزی بوونی سیاسیدا دەژیان. پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین، ئەنجامی ئەو هۆشیارییە تیژەو کارکردن بۆ خەملاندنی، ئەنجامی ئاخاوتن سەبارەت بە "میللەت" بەو جۆرەی لە "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا دەیبینینەوە، چەمکێکی تەواو نوێ لە نووسینی سیاسیو ئاڕاستەیەکی نوێ لە

کـاری یاسـادانانـدا هاتـەئاراوە، ئـەو چەمکـە نوێیـەش "ویسـتی گشـتی" بـوو، (ئەمـەش سـەرجەمی کۆکردنـەوەی ویسـتە کەسـێتیەکان و تاکەکەسـیەکان نـەبوو، بـەڵکو کـارکردن بـوو بـۆ پێکەوەبەسـتنی یاسـا (وەك بەرجەسـتەکارێکی ویسـتی گشتی) و کاری بەڕێوەبردنی ئـەو یاسایە (حکومەتـەکان و جۆرەکانیـان و نزیکـی و دووریان لەواتەی دیموکراسی ڕاستەقینەوە).

جا لەبەر ئەوەی لێرەدا بواری ئەوە نییە بچینە نێو وردەکارییەکانی باسکردنی حکومەتەکان لەلایەك و هەڵوەستەکردن لە ئاست فەلسەفەی یاسادانان و ڕاستیی یاسادانەر لـەلای دوەمـەوەو وردبوونـەوە لـە وردەکارییـەکانی کـاری هـەڵبژاردن و چۆنیەتی کارکردنی دەنگە کەمەکان لـە بەرامبـەر دەنگـە زۆرەکـان، هـەروەها لـەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوە نییە بچینـە نێو شیکردنەوەی تێروتەسـەلی واتـەی "ویسـتی گشتی"و مانـای لای ڕۆسـۆ و پـەیوەندیی پتـەوی بـە سـەردەمەکەیەوە، ئـەوا تـەنیا دوو تایبەتمـەندی دەخەینـەڕوو، کـە ڕۆسـۆ لـەکاتی قسـەکردنیدا دەربـارەی سەروەری، دووپاتیکردونەتەوە:

-تایبەتمەندیی یەکەم *سەروەری هەرگیز نابێ شایانی گوێزانەوە بێ*، "چونکە دەشێ فەرمانڕەوایی لەلایەنێکەوە بۆ لایـەنێکی دیکە بگوێزرێتـەوە، بەڵام خودی ویستەکە ناگوێزرێتەوە".

-تایبەتمـەندیی دوەم ئەوەیە، کـە سـەروەری "پارچەپارچـەکردن قبوڵناکـات، لەبەر هـەمان ئـەو هۆیـەی کـە دەسـتبەرداری یـان گوێزانـەوە مـەحاڵدەکات. ئـەم مەسـەلەیەش بـەتاڵ نییـە لـە دوو بایـەخپێدان: ویسـت یـان گشـتی دەبێـت یـان پێچەوانەکەی، یان ویستی میللەت دەبێت بە گشتی یان تـەنیا ویستی بەشێکی دەبێت. لـەباری یەکـەمدا دەربڕی سەروەری دەبێت و هەمان کاری یاسا دەکـات، بەڵام لەباری دوەمدا ویستی ڕاگەیاندراو ویستێکی تایبەتیەو لە بڕیارێك یاخود مرسومێك زیاتر هیچی تر نییە"[٢٨].

لەگەڵ جۆن لۆکدا چەمکێکی نوێ (لە ڕووی واتـەو مانـاوە) لـە تیـۆری سیاسـی کلاسیکیدا سەریهەڵدا، ئەویش چەمکی "خاوەنداریتی"یە، کە لـە ڕاستیدا یـەکێك

لە توخمە نوێکانی ئەو تیۆرەو لایەنێکی جیاوازیو ناکۆکیەتی لەگەڵ گوتاری سیاسیی پێشوودا. لەگەڵ سپینۆزاشدا چەمکێکی نوێ دەردەکەوێ، کە کار بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو نوێیە و بەهێزکردنی هۆکانی دەکات، ئەویش چەمکی "هاولاتی"یە. یەکەمین دارشتنی چەمکی هاولاتی لای سپینۆزا سەریهەڵدا، لە چەمکەکەدا یەکەمین دەستنیشانکردنێکی بواری تێروانینی فەیلەسووفی هۆڵەندییە بۆ جیاکارەکردنی کوڕ، کۆیلەو هاولاتی، لە ڕووی پەیوەندی هەریەکێك لەو سیانە بە پرنسیپی ملکەچیو گوێڕایەڵییەوە "دەشێ جیاوازییەکەی نێوان کۆیلە، کوڕو هاولاتی بەم شێوەیە دابڕێژێت: کۆیلە ئەوەیە ناچارە ملکەچی ئەو بڕیارانە بێت، کە بەرژەوەندیی خاوەنشکۆ دێننەدی، کوڕ ئەوەیە بەپێی فرمانەکانی باوکی ئەو کارانە ئەنجامدەدا، کە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی دەپارێزێ، بەلام هاوولاتی ئەوەیە بەپێی فرمانەکانی فەرمانڕەوا ئەو کردارانە ئەنجامدەدات، کە بەرژەوەندیی گشتیو ئینجا بەرژەوەندیی کەسێتی خۆی دەهێنێتەدی"[٢٩]. ئەم چەمکە لای رۆسۆ و لە تیۆرەکەیدا لەبارەی پەیمانی کۆمەلایەتیو سەروەرییەوە دەگاتە پلەیەکی بەرزی وردکاریو ئیجابیبوونو بەپیتی. لەم پلەبەرزییو دەربڕینە هەمەلایەندا چەمکێك سەرهەڵدەدات، کە لە فیکری سیاسیی نوێدا کۆکەرەوەیەو ناونیشانێکە واتەی جیدیبوون دەردەبڕێ، ئەویش چەمکی دیموکراسییە. دیموکراسی ڕەچاوی نموونەی بالای سیاسی دەکات، کە دەتوانێ لە کردارێکدا ئازادیو ملکەچی بۆ یاساکان کۆبکاتەوەو ڕەچاوی ئەو شێوازە بکات، کە لە توانایدایە دەسەلاتو سەرکردایەتی بخاتە دەستی ئەو کەسانەی "کۆی گشتی" لە کارەکەیان ڕازییە.

پشتئەستوور بەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ئەو سێ توخمە (خاوەنداریێتی، هاولاتیبوونو دیموکراسی) و سەروەری، بەو جۆرەی لەلایەن فەیلەسووفەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمەوە گفتوگۆیان لەسەر بوو، پشتئەستوور بەو پەیوەندییە قوڵەی نێوان هەموو ئەوانە بەمەبەستی گەیشتن بە "پەیمانێکی کۆمەلایەتی" ڕاستو دروست لە ڕووی فۆرمەوەو ڕاستەقینە لە ڕووی

ناوەڕۆكەوە، تیۆری كۆمەڵگەی شارستانی لەسەردەمی كلاسیكیدا هێز و پتەوی لەلایەكەوەو لۆژیكو ڕەوایەتیو توانای لە ڕووی مێژوو و واقیعەوە بەدەستهێنا.

## سێیەم
## شوێنەواری "كۆمەڵگەی شارستانی"
## لە كۆمەڵگەی پیشەسازیی هاوچەرخ
## لەنێوان تیۆری لیبرالیزم و ماركسیزمدا

فیكری سیاسیی هاوچەرخ، ئەو بنچینە مەزنانەی پشتیان پێدەبەستیو ئەو ڕەگە مەعریفیانەی بۆیان دەگەڕێتەوە، لە تیۆری سیاسیی كلاسیكیی نوێدا دەیانبینێتەوە. جا ئەگەر سروشتی بێت یان بەڵگەنەویست بێت بڵێین تیۆری لیبرالیزم (بەو جۆرەی لەماوەی نێوان سەدەی حەڤدەهەمو بیستەمدا سەریهەڵداوەو گەشەیكردوە) سەرچاوەی ڕاستەوخۆی لە فیكری سیاسیی كلاسیكیدا دەبینێتەوە، ئەوا كەمتر سروشتی نییە بڵێین تیۆری ماركسیزمیش بنەچەكانی خۆی لە هەمان فیكردا دەبینێتەوە، بەو جۆرە پێدەچێ لە سەرچاوەو بنچینەكانیدا لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنی خۆیدا (تیۆری لیبرالیزم) پێكبگات. ناچارنین بەڵگە بۆ جووتبوونی تەواوەتی ئەو لۆمەكردنو ڕەخنەیە بهێنینەوە، كە هەردوو تیۆرەكە ئاڕاستەی "سیستەمی كۆن"ی دەكەن، یان نوێكاری بە پێویست دابنێین بە ڕاگەیاندنی دابڕان لەگەڵ ئەو "سیستەم"ەدا. هەروەها بە پێویستی نازانین بگەڕێینەوە بۆ چەمكە ماركسیستە بەناوبانگو دەستاودەستپێكراوەكانی ئەدەبی ماركسیزم بەگشتی، كە هێما بۆ ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕییە لەڕادەبەدەرە دەكەن، كە فیكری بۆرژوایی لە قۆناغی پێكهاتنی كلاسیكیدا (وەك ئەوەی لە بەشی پێشوودا خستمانەڕوو) گێڕاویەتی، بەڵكو دەمانەوێ تەنیا هێما بۆ پێكگەیشتنی دوو تیۆرەكە بكەین لە دوو مەسەلەی دەركەوتوودا: یەكەمیان سەبارەت بە مەسەلەی دەوڵەتە، دوەمیشیان دەربارەی مەسەلەی كۆمەڵگەی پیشەسازییە.

دەوڵەت لە فیکری سیاسیی هاوچەرخدا کۆمەڵێك دامەزراو و بنەمای پتەوە: دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی بەهێزو وردکار، کە لەلایەکەوە بەرپرسیاری تیایاندا پلەدارەو بەشێوەیەکی توندوتۆڵ ڕێکخراوە، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیو پەیوەستییە کەسێتییەکان لە گۆڕی نابن‌و بەو شێوەیە دەجوڵێنەوە، کە هۆبز بە "لە ڤیتان" وەسفیکردوە. ئەم دامودەزگا یان ڕەوتگە یاخود سیستەمی بەڕێوەبردنە بەهێزو داخراوە ئەوەیە، کە پێیدەوترێت "بیرۆکراتیەت". شان بەشانی ئەوە، ڕەوتگەیەکی دیکە لەگۆڕێدەبێت، کە لە ڕووی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان ئینتیمابۆکەرانیدا هەیە، یان لە ڕووی پەیوەستییەوە بە دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتەوە لەلایەك‌و سەربەخۆییەوە لەلایەکی دیکەوە، کەمتر یەکگرتوو و ڕووتکارانە نییە، ئەوەش سوپایە یان کۆمەڵێك دامودەزگای سەربازییە، کە دنیایەکی "سەربازی سەربەخۆ "و تەریب بە دنیای "شارستانی" دادەمەزرێنێ. پێویستە وێنەیەکی سێیەم بخەینە سەر دوو وێنەی پێشوو، کە دەیسەپێنێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، یاسادانان‌و دادوەری لێك جیابکرێنەوە، چونکە بوونی سیاسیو کۆمەڵایەتی بێ خەمخواردن بۆ ڕەچاوکردنی ئەوە مانایەکی نابێت.

واتە دەوڵەت پێویستی بە بیرۆکراتیەت هەیە لەلایەك، لەلایەنی دووەمەوە پێویستی بە سوپا هەیە، وەك دامەزراوێکی نەگۆڕو ملکەچی سەربەخۆییەکی ڕێژەیی، لەلایەنی سێیەمەوە پێویستیدەکات سێ دەسەڵاتەکە لێك جیابکرێنەوە، ئەمانەش بەگشتی لەلایەنی چوارەمەوە پێویستیان بە پلەیەکی بەرزی ئەقڵانیەت لە ڕێکخستندا هەیە. ئەم شێوازە وێناکردنەی دەوڵەت، شێوازێکی نوێیە لەچاو فیکری سیاسیی پێشوودا، چونکە بەرهەمی کۆمەڵێك شۆڕشی سیاسیو کۆمەڵایەتیە، کە لە ئەوروپای خۆرئاوا ڕوویانداوە، بەتایبەتی لە دووسەدەی پێشوودا. ئەمە وێڕای "شۆڕشی پیشەسازی"، کە مانای ڕوودانی گۆڕانکاری چۆنایەتی بێوێنەیە لە بەرهەمهێنانی شمەك‌و کاڵا جۆراوجۆرەکان‌و ساخکردنەوەو ئاڵوگۆڕکردنیاندا لە ڕووی یەکەمەوە، هەروەها گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا لە ڕووی دووەمەوە. دوو

تیۆرەکەش (لیبرالیزم و مارکسیزم) لە وەسفکردنی پەیکەری دەوڵەت و بنیاتنانیدا یەکدەگرنەوە، ئەگەرچی جیاوازن لە رووی راڤەکردنی هەریەکێکیانەوە بۆ سروشتی ئەو رۆڵەی دەوڵەت هەیەتی و ئەو ئامانجەی بوونمانیان پێوە گرێداوە.

سەرەتا کۆمەڵگەی پیشەسازی لە بنچینەدا کۆمەڵگەی پیشەسازییە مەزنەکانە، کە بەرهەمهێنان نیشانەی گەورەی ئەو کۆمەڵگەیە و وێنەی بالادەستیەتی. بۆ پێناسەکردنی ئەم کۆمەڵگەیەو روانینە رووخسارو پێکهاتە گەورەکانی پێشنیاری هەڵوەستەکردن لەئاست دەستەیەك رەوشتدا دەکەین، کە یەکێك لە مامۆستایانی ناوداری زانستی کۆمەڵناسیی سیاسی لە فەرەنسا دەیخاتەروو، ئەویش ریمۆن ئارۆن (*Raymond Aron*)ە.

یەکەمین رەوشت، کە کۆمەڵگەی پیشەسازی لە کۆمەڵگەکانی دیکەی تەریب و پێش خۆی جیادەکاتەوە، پشتبەستنێتی بە "جیاکردنەوەی چوارچێوەی خێزانی و شوێنی کارکردن"، کە ئەم جیاکردنەوەیە بەلای بەڵێندەرە پیشەسازییە پیشەییە سادەکانەوە گرنگ نییە.

دووەمین رەوشت ئەوەیە، کە "بەڵێندەرە پیشەسازییەکان شێوازێك لە دابەشکردنی کار (..) شێوازێك لە دابەشکردنی ناوەکی لە تاکی بەڵێندەردا دروستدەکات، ئەویش دابەشکردنی تەکنیکی کارە"، ئاشکرایە ماوەیەکی فراوان لەنێوان ئەمەو دابەشکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی نێو کۆمەڵگەیەکدا هەیە.

سێیەمین رەوشت ئەوەیە کە "هەر بەڵێندارێکی پیشەسازی پێویستی بە کەڵەکەکردنێکی بێشوماری سەرمایە هەیە". راستیش نییە لێرەدا بڵێین ئەمە بە تەنیا نیشانەی جیاکارەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە، بەڵکو سیفەتێکی خۆیی هاوشانیبوون و لەدایکبوونی کۆمەڵگەی پیشەسازییە.

چوارەمین رەوشت ئەنجامێکی سروشتی، بەڵکو پێویستی، رەوشتەکەی پێشوە، ئەویش پێویستی بە وەرگرتنی "حسابکارییەکی عەقڵانی" هەیە، کە ئامانجی وەدەستخستنی بەرهەمەکانە "بەنرخی تێچوونێکی گونجاو و کەم بۆ تازەکردنەوەی سەرمایەو بەردەوام زیادکردنی".

دوا ڕەوشت و پێنجەمین ڕەوشت ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی پیشەسازی کۆمەڵگەی سەرمایەو بەڵێندارییە پیشەسازییە گەورەکانە، گرتبوونەوەی ژمارەی زۆری کرێکارانە لە شوێنی کار، ئەم "چڕیی کرێکارییە" پێویستی بە ڕێکخستنی ئەو ژمارە زۆرە هەیە لە "جۆرە ڕێکخستن"ێکدا لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە گیروگرفت و پرسیار سەرهەڵدەدەن، کە پەیوەندییان بە شێوازو چۆنێتی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە[٣١].

ئەوەی لەبارەی دەوڵەتەوە دەرمانبڕی، ڕاستە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی، مەبەست لایەنی پێکگەیشتنی جیهانبینی لیبرالیزم و مارکسیزمە سەبارەت بە وەسفکردنی هەیکەلی و ڕوانینیە خودی بنیادەکەو جیاوازییان لە ڕاڤەکردنی سروشتی نوێنەرە بکەرەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازیی و ئەو پەیوەندییە یاسایی و کۆمەلایەتیانەی جڵەوی بوونی دەکەن. ئەوەی ڕاستەوخۆ لە بابەتەکەدا بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە، کە وێنەکانی جیاوازیی شیکردنەوەی فرمانەکانی دەوڵەت و تێگەیشتن لە واتاکەی لەلایەك و تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی پیشەسازی لەلایەکی دیکەوە، جیاوازی و جیاکارەیی تێڕوانینیش بەرامبەر بە "کۆمەڵگەی شارستانی" لای هەردوو تیۆرەکە دروستدەکات.

تیۆری لیبرالیزم پێیوایە تاك لە کۆمەڵگەدا زۆر سوورە لەسەر: یەکەم/ دابینکردنی بوونی خۆی، دووەم/ پاراستنی موڵك و ماڵی خۆی. چونکە خاوەندارێتی گرنگترین بەرژەوەندییە و پاراستنی ئەرکێکە نابێت دەستبەرداریبین، خاوەندارێتی لای زۆربەی تیۆریستە ئابوورییە گەورەکانی لیبرالیزم مانای مەزن لەخۆدەگرێت، "چونکە بەهۆی خاوەندارێتیەوە خودا دنیای ئامادەکردووەو مرۆڤی لە بیابانەوە بۆ شار، لە دڵڕەقییەوە بۆ میهرەبانی، لە نەزانییەوە بۆ زانین، لە نەفامییەوە بۆ ژیوار گواستۆتەوە"[٣٢]. خاوەندارێتی ئەو شتەیە ئارامی و جێگیربوونێك دەبەخشێتە مرۆڤ، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان و دەرکردنی بڕیاری ڕاست و دروست. سەرووبەر "تەنیا خودی خاوەندارێتیە، مرۆڤەکان والێدەکات شایستەی مافە سیاسییەکان بن"[٣٣]. بۆیە

پێویستە چاوەدێرکارێك هەبێت ئەم بەرژەوەندییە باڵایە بپارێزێو بەرگری لێ بکات، شەونخوونکارێك هەبێت لەوکاتەدا شونخوون بێت بەدیارییەوە کە خەڵك نووستوون، لەپێناو پاراستنی موڵك وماڵەکاندا. ئەم شەونخونکارە سەرڕاستە یان "پاسەوانی شەو"، دەوڵەتە: ئەمە باڵاترین ڕۆڵە، کە پێویستە بیگێڕێو بۆی نییە دەستبخاتە کاروبارەکانی مرۆڤەکانو کۆمەڵگاوە، لەوکاتانەدا نەبێ، کە "پەیمانی کۆمەڵایەتی" ڕاستەقینە تێکدەدەن، ئەگینا دەسەڵاتی درێژدەبێتەوەو زەبر لە خودی ڕاستیی بوونی "کۆمەڵگەی شارستانی" دەوەشێنێ. وەك دەزانین تیۆری مارکسیزم سەبارەت بە دەوڵەت پێچەوانەی ئەوە قسەدەکات. چونکە دەوڵەت، بە ڕێکخستنەکانو یاسا جۆراوجۆرەکانیەوە، وێنەی ئایدیۆلۆژیانەی دەسەڵاتی چینێکی کۆمەڵایەتیە بەسەر چینە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەوە. دەسەڵاتیش بێ بەدەستەوەگرتنی ئامرازە مادییەکانی بەرهەمهێنانو جڵەوکردنیان نابێو بەبێ سەپاندنی سیستەمێکی یاسایی کارامە، بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بەو جۆرەی چینی دەسەلاتدار دەسەڵاتی خۆی بەردەوامبکات، ڕوونادات. بۆیە هەرشتێك لەبارەی "دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکان"ەوە بوترێ لەلایەکەوەو سەبارەت بەو دەوڵەت بوترێ، کە هەڵدەستێ بە ڕۆڵی "پاسەوانی شەو" لەلایەکی دیکەوە، تەنیا ئاخاوتنە دەربارەی دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی، کە خۆی مەبەست و سوودمەندە. "دەوڵەت جگ لە ئامێری سەرکوتکردنی چینێك لەلایەن چینێکی دیکەوە شتێکی تر نییە، ئەمەش لە کۆماری دیموکراسی یان پاشایەتیشدا هەروایە"[٣٤].

ئاشکرا و باوە، کە "کۆتایی کۆمەڵگەی چینایەتی"، بەبێ لەناوچوونی دەوڵەتی بۆرژوایی مەیسەر نابێت، واتە نەمانی ئەو هۆیانەی، بەرەچاوکردنی ئامرازی بەکاربردن، بوونی بەردەوامدەکەن، ئەمەش بەبێ ڕوودانی "شۆڕشی پرۆلیتاری" مەیسەرنابێت. مەبەست لە وەبیرهێنانەوەی ئەم زانیاریانە ئەوەیە بڵێین، دەوڵەتی ڕاستەقینە لە وێناکردنی مارکسیستانەدا یان دەوڵەتی پرۆلیتاریا (لە وێناکردنی مارکسیست- لێنینیستدا) یاخود دەوڵەت وەك ئامرازێکی

سـڕینەوەی کۆمەڵگـەی چینایـەتی و زەمینـە خۆشـکردن بـۆ کۆمەڵگـەی سۆسیالیسـتی (لەدوائـەنجامدا ئـەم ناولێنانانـە یەکسـاندەبن) ڕوونـادات لـەو دەوڵەتەدا نەبێ، کە وەك "ئاڕاستەکار"، "پلاندانەر" و "خۆهەڵقورتێنەر" حسابی بـۆ دەکرێـت، لەبـەر ئـەوەی نابـێ ئـەو لـە سـنووری "چـاودێریکردن" یـان "پاسـەوانی"دا بوەسـتێ، چونکـە دەوڵـەتێکی سـەرمایەدارییە، هـەروەها نابـێ ڕازیبێ ڕۆڵـی "پۆلیـس" یـان "پۆلیسـی هـاتوچۆ" یـاخود "پاسـەوانی شـەوان" ببینێ، چونکە ئەو دەوڵەتێکە شەونخونە بەدیار سەرمایەوەو هەمیشەو بەردەوام دنیای پێشبڕکێ و کۆششکردن بۆ زیادکردنی قازانج بەڕەوادەبینێ.

تیـۆری لیـبرالیزم ڕەخنـە لـە وێنـاکردنی مارکسـیزم—لینینـیزم، بەتایبـەتی نموونەی سۆڤیەتی تەقلیدی، لەمەڕ دەوڵەتەوە دەگرێت، لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە کاردەکات بۆ تەنگهەڵچنین بە پـەراوێزی کۆمەڵگـەی شارستانی و تەسـککرنەوەی کارکردنی تا ئەوپەڕی سنووری تەسککردنەوە: چونکە ئەو دەوڵەتە بەئامادەیی ناوەندێتی توندڕەوانەو سانسۆری سەربازی لە ڕوویەکەوەو بەهێزی تاکە حیزب و باڵادەستیی ڕەهـای لـەژیانی کۆمەڵایـەتیدا، بـە هـەموو شـێوەو وێنـە شـیاوەکانی لەلایـەکی دیکـەوە، بەدەوڵـەتی "سـەرکردایەتی سـەربازی" دەچێـت[٣٥]. مارکسـیزمیش ڕەخنـە لـە دەوڵـەتی لیـبرالی دەگرێـت، کـە دەرگـا لەبـەردەمی چەوسـاندنەوەدا: چەوسـاندنەوەی چینـی کرێکـار، کـە بنچینـەی کۆمەڵگـەی پیشەسازیی هاوچەرخ و بنکە فراوانەکەی پێکدێنێ، دەخاتە سەر گازی پشت و بـەردەوامیدەدات بـە "پلەیـەکی بـەرزی جیـاوازی لـە دابەشـکردنی داهـات و دەستکەوتەکاندا"[٣٦].

لەبەرامبەر ناڕەزاییەکانی تیۆری لیبرالیزم بەرامبەر بە ناوەندێتی توندڕەوانەی دەسەڵاتی ڕەهـای تاکـە حیـزب، کـە تـەنگ بـە پـەراوێزی کۆمەڵگـەی شارسـتانی هەڵدەچنێ، تا ئەو ڕادەیەی بوونی نامێنێ، تیۆری مارکسیزم زیاتر ڕۆدەچێتە نێـو شـیکردنەوەی ڕاسـتیی ئایدیۆلۆژیـای زاڵ لـە کۆمەڵگـەی بۆرژوایـی و شـێوازەکانی کـارکردنی لـە سیسـتەمی سـەرمایەداریدا، لێرەشـدا سـەرتاپای

کۆمەڵگەی شارستانی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی نێوان ڕۆڵەکان، تەنیا دەربڕی ڕاستیی "دەوڵەتی یاسا"ی دەسەڵاتدارە. "هەروەها پێویستە هێزە بزوێنەرەکانی کردارەکانی مرۆڤ، وەك تاکێکی گۆشەگیر، بەپێویست بە مێشکی ئەو مرۆڤەدا بڕۆن بۆ ئەوەی ببنە هۆکارێك بۆ هاندانی ویستی کارکردنی، بەو شێوەیەش دەبێ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی شارستانی- جا هەر چینێك دەسەڵاتداربێت- بە ویستی دەوڵەتدا تێپەڕێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هەمەلایەن، بەوێنەی یاساکان، خۆی بسەپێنێ"[٣٧].

## چوارەم

## باڵادەستیو ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەی شارستانیدا

وتەی "باڵادەستی"، لە فیکری فەلسەفی سیاسیی هاوچەرخدا، گرێداوە بەناوی فەیلەسووفی ئیتاڵی "ئەنتۆنیۆ گرامشی"یەوە (١٨٩١-١٩٣٧)، چونکە لەگەڵ ئەم فەیلەسووفەدا وتەکە دەلالەتی چەمکئامێزی نوێی بەخۆوە گرت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەم دەلالەتە نوێیەشدا دوو چەمکی دیکە گەشەیانکرد: "ڕۆشنبیرەکان" و "کۆمەڵگەی شارستانی". ئەم نوێکاریو گەشەکردنەش لەو شێوازە سەرسوڕهێنەرەوە سەرچاوەدەگرن، کە گرامشی لە دەقەکانو شیکردنەوەکانیدا ڕۆشنبیریو باڵادەستی پێکەوە گرێدرابوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە باڵادەستیو کۆمەڵگەی شارستانی پێکەوە بەستبوو. لە ڕاستیدا ئەم گەشەکردنو نوێکارییە گرێدرابوون بە تیۆری مارکسیزمەوە، چونکە ئەو دوو چەمکە لە دووتوێی خوێندنەوەی ئەو تیۆرەوە سەریانهەڵداوەو لەکاری ڕەخنە "لەخۆگرتن" لە پراکتیکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیدا بەتایبەتی خەملین، بەو جۆرەش لێکدانەوەی بابەتیانەی مێژوویی و لێکدانەوەیەکی تیۆریی مەعریفی بۆ هەردووکیان لە گۆڕێبوون. لەهەمان کاتدا ئەو گەشەکردنو نوێکارییە خۆیان گەیاندە چەمکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، بەڵکو بەکردەوە کارێکی گەورەیان لێکرد. کەواتە بۆ قسەکردن لەبارەی کۆمەڵگەی شارستانیو

ئەو کێشانەی گرێدراون بە دیموکراسییەوە بەتایبەتی، توێژەر ناچاردەکەن کورتە هەڵوەستەیەك لەئاست دەلالەتەکانی ئەو چەمکانە (ڕۆشنبیرەکان، ڕۆشنبیری، باڵادەستی و کۆمەڵگای شارستانی) لای گرامشی بکات و بڕوانرێتە کارلێککردن و کاریگەریی دوولایەنی نێوانیان.

کورتترین ڕێگەیەك بۆ ئاخاوتن سەبارەت بەم چەمکانە لای گرامشی، پێداچوونەوەو وەبیرهێنانەوەی توخمەکانی ئایدیۆلۆژیا و پێکهاتەکانێتی لە تیۆری مارکسیزمدا. چونکە یەکەم ئایدیۆلۆژیا ناوەڕۆکی "سەرخانی" کۆمەڵگەو توخمی باڵادەستی پێکدێنێ، دوەم ئایدیۆلۆژیا مەعریفەیەکی چەوتە بەرامبەر بە زانست، کە مەعریفەیەکی ڕاستگۆیە، چینی باڵادەستیش کار بۆ ئەوە دەکات ئەو مەعریفە ساختەیە بڵاوبکاتەوە، چونکە ئەوە ڕێگەی بەردەوامی دەسەڵاتەکەیە و ئەوەش ئەو "خەیاڵپڵاوی"یە یان سەرلێشوانەیە، کە چینی دەسەڵاتدار کاردەکات بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی لە دەروونەکاندا. سێیەم ئایدیۆلۆژیا دەنگدانەوەو تاودانەوەیەکی رووتی دنیای واقعی و ڕاستەقینەیە: ئەویش دنیای بوونی ماددی و جڵەوکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ماددییە. سەبارەت بە ئاخاوتن لەبارەی ئایدیۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیستەکانەوە، مارکس دەقی زۆری نووسیوە (چونکە کتێبی "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" گەرچی بنچینەییە، بەڵام تاکە بەرهەمی ئەو نییە دەربارەی بابەتەکە)، بەڵکو ئەنگلز و دواتر هەردوکیان لە "مانفێستی حیزبی کۆمۆنیزم"دا بەتایبەتی دەربارەی مەسەلەکە نووسیویانە، هەروەها لێنین دەقی زۆری لەبارەوە نووسیوە، بەڵام ئەوەی گرامشی نووسیویەتی لە ڕووی تێگەیشتنی چالاکیی ئایدیۆلۆژیانەوە جیاوازە، هەروەها لە ڕووی تێگەیشتنی ئەو سەرخانەوە، وەك لە تیۆری مارکسیزمدا وتمان ئایدیۆلۆژیا جەوهەر و پەیوەندییەکانیەتی.

"لە سەرخاندا دەتوانین جیاوازیی لەنێوان دوو ئاستی گەورەدا بکەین: ئاستی یەکەم ئەوەیە، کە بە "کۆمەڵگەی شارستانی" دەردەبڕدرێ و بریتییە لە کۆی ئەو

دامەزراوانەی لە زمانی باودا پێیاندەوترێ "ناوەکیو تایبەتی"، ئاستێکی دیکە، کە بریتییە لە "کۆمەڵگەی سیاسی یان دەوڵەت"[٣٨].

ئەوەی پێویستە بەرامبەری وریابین، جا لەم دەقەدا بێت یان لەو دەقانەی دیکەدا کە گرامشی نووسیونی، بۆ نموونە "میری نوێ"، ئەوەیە فەیلەسووفی ئیتاڵی بە ئاخاوتن سەبارەت بە "سەربەخۆیی ڕێژەیی" سەرخان لە ژێرخانەوە ناوەستێ (وەك لە کەلەپووری مارکسیستانەدا لەکاتی مارکسەوە باو و بڵاوە)، بەڵکو ڕوودەکاتە شیکردنەوەی پێکهاتەکانی خودی سەرخانو تیایدا جیاوازی لەنێوان دوو بەش یان دوو پێکهاتەدا دەکات، کە هەریەکێکیان ڕووخسار و نیشانەی خۆی هەیە. بەو جۆرە لە "کۆمەڵگەی شارستانی"دا فەرمانێك هەیە، ئەویش "باڵادەستی"یە، ئەمەش فەرمانێکە بەهۆی "ڕۆشنبیرەکان"ەوە جێبەجێدەکرێتو لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕوودەدات. هەروەها لە "کۆمەڵگەی سیاسی"دا فەرمانێکی دیکە هەیە، ئەویش فەرمانی "دەسەڵاتداریێتی ڕاستەوخۆ" یان "سەرکردایەتیکردن"ە، ئەمەش لە ڕێگەی دەوڵەتو دەسەڵاتی "دادوەریی"یەوە دەردەبڕدرێت. جا ئەگەر بمانەوی دەربڕینەکانی فەیلەسووفێك قەرزبکەین، کە هەنگاوێك بۆ پێشەوە گەشیداوە بە تیۆرەکەی گرامشی (مەبەست فەیلەسووفی فەڕەنسی لوی ئاڵتۆسێرە *Louis Althusser*)، ئەوا دەڵێین دەسەڵاتداریێتی یان جڵەوکردنی دەسەڵات لە دەوڵەتدا لەلایەکەوە بەهۆی "دامودەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت"ەوە ڕوودەدات، لەلایەکی دیکەوە لەلایەن خودی "دامودەزگاکانی دەوڵەت"ەوە: کۆڵەکەی یەکەم بیرۆکراتیەتو دامودەزگا ئیداری، ئابووری، داراییەکانو دامەزراوەکانی سوپا، پۆلیسو جەندەرمەیە. کۆڵەکەی دوەمیش فراواندەبێتەوە تا حیزب، سەندیکا، کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، خوێندنگە، کڵێسا، ڕۆژنامەو ئامرازە چاوەکییە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە، کە پەیوەندیان پێ دروستدەکرێت.

گرامشی درێژیدەدا بە ئاخاوتنی خۆی سەبارەت بە ڕۆشنبیریو ڕۆشنبیرەکان بەتایبەتیو لەمەڕ جیاوازییەکانی نێوان ڕۆشنبیری "تەقلیدی" و ڕۆشنبیری

"شۆڕشـــگێڕ"ەوە نووســـی و بەتایبـــەتی بەتیۆرەکـــەی لـــەبارەی "ڕۆشـــنبیری ئۆرگانیکی"یەوە بەناوبانگ بوو، گفتوگۆیەکی فراوانی لەگەڵ هاوڕێ نەیارەکانی لە حیزبی ئیتاڵیدا، بەتایبەتی نووسەری گشـتیی حـیزب، بـەرپاکرد دەربـارەی: ڕۆڵـی ڕۆشنبیرو شوێنەواری لە چینی پرۆلیتاریـادا و ڕێگـای بـۆ سـەرکردایەتی گرتنەدەست و کارکردن بۆ بەجێهێنانی شۆڕش لەسەرخاندا. دەشێ بوترێ ئەمە هەمووی دەگەڕێتـەوە بـۆ بینـای تیـۆری مارکسـیزم و گەشـەکردنی لـەناوخۆیدا، ئەمـــەش ڕاســـتە. هـــەروەها دەشـــێ بووتـــرێ دەگەڕێتـــەوە بـــۆ خوێندنـــەوەی "دەفتـەرەکانی زینـدان" و "زیندووبونـەوە" و "میری نوێ" و دەقە گرامشـییەکانی دیکە، خوێندنەوەیەك، کە گرێدراوە بە واقعی بزووتنەوەی مارکسـیزم لێنینـیزم لە سییەکانداو بە واقعی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵییـەوە لـەنێوان دوو جەنگەکـەدا بەتایبەتی. ئەمەش ڕاستە، بەڵام لە هەموو ئەو مەسـەلانەدا "پراکتـیزەکردنێکی تیـۆری" هەیـە، کـە کـاریکردوە بـۆ گەشـەپێدانی مانـای خـودی "کۆمەڵگـەی شارسـتانی" و تـێڕوانینی دەربـارەی کۆمەڵگـەی شارسـتانی و موتوربـەکردنی بـە توخمـی نوێـی تێگەیشتن و شـیکردنەوە، جـا ئـەوە سـەبارەت بـە تێگەیشـتنی چۆنیـەتی ئـەو پەیوەندییە بێت، کە لـە جووتـەی: دەوڵـەت (کۆمەڵگەی سیاسـی)/ کۆمەڵگەی شارستانیدا هەیە، یان دەربارەی تێگەیشتنی بنەمای قوڵی کۆمەڵگەی شارستانی بێت بەتایبەتی.

## کۆتایی

لەوانەیە یەکەمین و تایبەتمـەندترین سـەرەنجام لـە خوێندنـەوەی لاپـەڕەکانی پێشوەوە بەدەستبهێنین ئەوەبێ، کە چەمکی کۆمەڵگەی شارستانی، سەرهەڵدان و گەشـەکردنی لـە دنیـای خۆرئـاوادا، گرێـدراوە بـە لـەدایکبوون، سـەرهەڵدان و گەشەکردنی دەوڵەتی نوێوە، یاخود بە دەوڵەتەوە لە وێناکردنی نوێدا بۆ دەوڵەت. ئەمەش مانای ئەوەیە ناکرێ بە دوورخستنەوەو ڕەتکردنەوەی تەواوەتی دەوڵەت بیر لە کۆمەڵگەی شارستانی بکەینەوە، بەڵکو ئەو دوو بوارە (دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی) بەتوندی پێکەوە گرێدراون، ئەگەرچی لە یەکەمین نیگادا وا خۆیان

دەخەنەڕوو كە لێك دوور و داپڕاون. لێرەشدا ڕاستە هانا بۆ نموونەی دوو دیوی دراوێك یان میوەیەك‌و توێكڵە پێوە نووساوەكەی بەرین، كە بێ ئەو بوونی نابێت. كەواتە بیركردنەوە لە كۆمەڵگەی شارستانی، بێ دانانی دەوڵەت بە ئاسۆیەكی تری گۆشەنیگاو كاركردن، شیاونییە.

دوەمین سەرەنجام ئەو گەشەكردنە بڕیاردەرە یاخود سەرەتا نوێیەیە، كە كۆمەڵگەی شارستانی لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گرامشیدا بەخۆوەی دیوە. ئەگەرچی تێروتەسەل بیروڕاكانی بیریاری ئیتالیمان نەخستەڕوو، ئەویش لەبەر خۆبەستنەوە بە چوارچێوەی بابەتەكەوە (فیكری نوێ)، بەڵام لەگەڵ گرامشیدا لە دڵی فیكری هاوچەرخداین. بەهێماكردنمان بۆ گرنگترین توخمە تیۆرییەكان لای نووسەری "میری نوێ"، ویستمان سەرنج بۆ گرنگیی ئەو چركەساتە ڕابكێشین، كە گەشەكردنی چەمكەكە لای ئەو پێكدێنێ: ئەو گرنگییە لەوەدا نییە، كە هەوڵدانێكە بۆ دابڕان لە تیۆری ماركسیزم، بە لێكدانەوە دۆگماییە ستالینییەكەی، یان لە پەیوەندیدا نییە بە ئۆردوگای ماركسیزمەوە لە ڕووی ڕۆشنبیری‌و سیاسییەوە، بەڵكو لەو هەوڵدانانەدایە بۆ دەرگاكردنەوە بەڕووی هۆكاری نوێدا، بۆ تێگەیشتن لە كۆمەڵگەی پیشەسازی بەو وێنەیەی لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا (لە هەردوو ئۆردوگاكەدا پێكەوە: ماركسیزم و سەرمایەداری) هەبوون (لەوانەیە ئەمەش نهێنی ئەو بایەخدانە لێكبداتەوە، كە لە كۆڕو كۆمەڵە ئەكادیمییەكاندا دراوە بە نووسینەكانی). ئیمڕۆش بەهای ئە شتانە شاراوە نییە، كە گرامشی هێناونیەئاراوە سەبارەت بە: ڕۆشنبیری‌و ڕۆڵی لە "باڵادەستی"دا، ئایدیۆلۆژیاو فرمانی شاراوەی لە "جڵەوكردن"و دووپاتكردنەوەیدا، لە كۆتاییدا ڕۆشناییخستنەسەرێكی دۆزینەوەئامێز لەسەر كۆمەڵگەی شارستانی‌و كاریگەری، ئەمە لەكاتێكدا كە زۆربەی كۆششەكان سەرقاڵبوون بە ڕوانینە دەوڵەت‌و پێكهاتەكانی‌و ڕۆڵەكانی ئامادەیی تەقلیدییەوە.

# پەراوێزەکان

*ئەم بابەتە لە کتێبی ئەو دیدارە وەرگیراوە کە لەژێر ناونیشانی "کۆمەڵگەی شارستانی لە نیشتمانی عەرەبو ڕۆڵی لە هێنانەدی دیموکراسیدا" لەلایەن " "مرکز دراسات الوحدة العربیة"ەوە، ئەیلولی ١٩٩٢ لە بەیروت/ لوبنان ڕێکخراوە.

١- Gerard Mairet "La Genese de l'etat laic de Marcile de Padoue a Louis xiv," dans: Histoire des ideologies, tome 2.p.286.

2-Bossuet, "Politique tiree des propres paroles de l'ecriture sainte" dans: Le Pouvoir: Science et philosophie politiques (Paris: Editions Magnard, 1978), pp. 55-58.

٣- Albert Soboul, Histoire de la revolution francaise: De la Bastille a la Gironde, collection idees (Paris: Gallimard, 1962), p. 23.

٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤. ٥٨. ٦٩.

٥- Gerard Mairet "La Personnalite morale: Individu et communaute "dans: Histoire des ideologies, tome 2, p. 228.

٦- Jean Jacques Rousseau, Du contrat social (Paris: Garnier; Flammarion, 1981). P. 39.

٧- Thomas Hobbes, Leviathan, traduit de I'anglais par Francois Tricaud (Paris: Editions) Sirey, 1971), p. 128.

٨- هەمان سەرچاوە ل١٢٢.

٩- هەمان سەرچاوە ل ١٢٨.

١٠- هەمان سەرچاوە ل ١٢٤.

١١- Jean Jacques Rousseau, Discours sur l'origine de l'inegalite parmi les hommes (Paris: Garnier; Flammarion, 1971). pp. 194- 195.

١٢- هەمان سەرچاوە ل ١٩٨.

١٣ -هەمان سەرچاوە ل ٢٠٥.

١٤ -هەمان سەرچاوە ل ٢٣٥.

١٥ -هەمان سەرچاوە.

١٦- Hobbes, Leviathan, p. 137.

١٧- هەمان سەرچاوە ل ١٧٧ . ڕەشکردنەکە لە دەقی کتێبی نووسەردایە (هۆبز).

١٨- هەمان سەرچاوە ل ١٦٦.

١٩- بۆ لێکدانەوەی بیروڕاکانی قوتابخانەی "یاسادانەرەکانی مافی سروشتی" لەبارەی مەسەلەی پەیمانی کۆمەڵایەتیو بەهانەهێنانەوەوە بۆ ملکەچیو کۆیلەیێتی بڕوانە:

R. Derathe, Jean Jacques Rousseau et la science politique de son temps (Paris: Vrin, 1979). pp. 197- 211.

٢٠- جۆن لۆك: لەبارەی فەرمانڕەوایی شارستانییەوە، ماجد فخری لە دەقی ئینگلیزییەوە کردویەتیە عەرەبی (بیروت: اللجنه الدولیه لترجمه الروائع. ١٩٥٩)، ل ٢٤٥ . وشەی "گەشەکردنی سروشتی" لای وەرگێڕ ئەوەیە، کە بە گونجان لەگەڵ زاراوەی گشتیدا "دۆخی سروشتی"یە.

٢١- هەمان سەرچاوە ل ١٨٨ .

٢٢- هەمان سەرچاوە ل ١٣٨ .

٢٣- هەمان سەرچاوە ل ١٨٩ .

٢٤- Rousseau, Du contrat social, pp. 49- 50.

٢٥- Derathe. Jean Jacques Rousseau et la science politique de son temps, p. 366.

٢٦- هەمان سەرچاوە.

٢٧- Hobbes, Leviathan. pp. 177- 178.

٢٨- Rousseau, Du contrat social, pp. 63-64.

٢٩- سپینۆزا: پەیامێك لەبارەی سیاسەتو لاهوتەوە، وەرگێڕانو پێ ْشکەشکردنی حسن حنفی: پێداچوونەوەی فوئاد زەکەریا، چاپی دوەم (بیروت: دار الگلیعه، ١٩٨١) ل ٣٨٤-٣٨٥ .

*٣٠-لەوانەیە بەهێزترین فەیلەسووفی هاوچەرخ بۆ ئاخاوتن لەبارەی بیرۆکراسیەوە، بەوەی یەکێکە لە پەیوەندییە جیاکارەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ، ماکس ڤێبەر بێت، چونکە ئەو لە ڕێڕەوی ئاخاوتندا دەربارەی ژیواری ئەوروپی هاوچەرخ دەڵێت: "بێگومان بیروکراسی، بەڵکو بیرۆکراسی تایبەتکار، دیاردەیەکی زۆر کۆنە لە چەندین کۆمەڵگەدا کە زۆر لە یەکتری جیاوازن، بەڵام هیچ ڕۆژگارێکی دیکە ئەوەندەی ڕۆژگارەکەمان مرۆڤ نەیتوانی ئەوە بخاتەڕوو، کە چەند بوونی کۆمەڵایەتی لەسەر سەرتاپای بوونی ڕێکخراوێك ڕادەوەستێ، کە پێکهاتوە لە بیروکراتە شارەزاو بەتواناکان، ئەمەش سەبارەت بە هەموو ڕواڵەتەکانی ئەو بوونە کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەکنیکیو ئابووریانە. بڕوانە:*

Max Weber, L’Ethique protestante et l’esprit du capitalisme, traduit du l’allemand par Jacques Chavy (Paris: Plon, 1964), p. 14.

٣١- Raymond Aron, Dix- huit lecons sur la societe industrielle, collection idees (Paris: Gallimard, 1962). pp. 97- 100.